# ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا 1924-1926 "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە"

ID No. 3898

(PP 164 - 181)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.12

**بختيار سعيد محمود**

بەشی زانستی کۆمەڵایەتی - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

bakhtear.mahmood@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2021/01/24**

**پەسندکردن : 2021/08/31**

**بڵاوکردنەوە : 2021/11/20**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵە لە ڕۆژنامەی ژیانەوە، کە ڕۆژنامەیەکی سەر بە ئینگلیزەکان بووەو بەزمانی کوردی لە سلێمانی دەرچووە، ئەم ڕۆژنامەیە لە بەرژەوەندی ئینگلیزەکان و کاری لەسەر ناشرینکردنی تورکیا کردووە و دەیەوێت ئەو پەیامە بە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بگەیەنێت کەداهاتووی ئێوە لەگەڵ عێراقدا گەشاوە دەبێت. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بایەخی ڕۆژنامەی ژیانەوە لەبارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ دەردەخات. توێژینەوەکەمان لەسێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم بەناونیشانی (ناساندنی ڕۆژنامەی ژیانەوە)، لەم تەوەرەدا کار لەسەر پێناسەکردنی ڕۆژنامەکە کراوە. تەوەری دووەم بەناوی (ناساندنی کێشەی ویلایەتی موسڵ)، باسی کێشەی ویلایەتی موسڵ کراوە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە تا لکاندنی ویلایەتەکە بە عێراقەوە. تەوەری سێیەم لەبارەی (ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵە لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا)، لەم تەوەرەدا تیشك خراوەتە سەر بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لەبارەی کێشەی موسڵ و کاری لیژنەی ویلایەتی موسڵ، بۆیە چەندین دەقی ڕۆژنامەکە لەم تەوەرەدا بۆ خوێنەر گواستراوەتەوە.

**کلیله وشه:** ڕۆژنامەی ژیانەوە، ویلایەتی موسڵ، کورد، بریتانیەکان، تورك.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵە(1918-1925) لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا. جێگەی تێبینیە کاتێك ڕۆژنامەی ژیانەوە دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەی پەرتوکێکە لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ نوسراوە، پاش ئەوەی تەواوی ڕۆژنامەکە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەم ڕۆژنامەیە لەپێناو کێشەی ویلایەتی موسڵدا دەرچووە. بۆیە توێژینەوە لەم ڕۆژنامەیە تایبەتی خۆی هەیە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەکێشەی ویلایەتی موسڵ، و لێرەوە ئێدەگەی کە ئینگلیزەکان چەندە لایان گرنگ بووە کە باشووری کوردستان بلکێنن بەعێراقەوە. هەربۆیە ڕۆژنامەکە وەك زمانحاڵی ئینگلیز و پاشان حکومەتی عێراقی دێتە بەر چاوت. پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەم ڕۆژنامەیە وەك ڕۆژنامەیەکی دژە تورك دێتە بەر چاو و چەندین بابەتی دژی حکومەتی تورکیا نوسیوە کە ئەو کات لەگەڵ ئینگلیز لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ململانێدا بوون.

لەهۆیەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، پێویستە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەم بارەیە بنوسرێ تا ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە تاوتوێ بکرێ ئەوە بەخوێنەر بگەیەنرێ کە ئەم ڕۆژنامەیە ئەرکی چی بووە. پێویست لەڕێی ئەم توێژینەوەیە ئەو پەیامە بگەیەنرێ کە هەر کەسێك کاتێك لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بابەتی ویلایەتی موسڵ دەنوسێ، پێویستە ئەم ڕۆژنامەیە ببینێ وەك سەرچاوەیەکی ڕەسەن و پەیوەست بەبابەتی کێشەی ویلایەتی موسڵ، چونکە ڕۆژنامەکە لەماوەی ئەو دوو ساڵەی دەرچووونیدا ڕاستەوخۆ کاری لیژنەی موسڵی گواستۆتەوە و ڕاپۆرتی لیژنەکەی دوای دەرچوونی وەرگێراوە بۆ سەر زمانی کوردی تا خوێنەری کورد لەکاری لیژنەکە ئاگادار بن.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدراوە لەڕێگەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکەو، و لەڕێی سەرچاوە مێژووییەکانەوە زانیارییەکان لەبارەی ڕەنگدانەوەی کێشەی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا ڕوون بکرێتەوە. لەپاڵ ئەوەی هەندێجار هەوڵدراوە چەند مێتۆدێکی تر لەوانە بەپشت بەستن بەمیتۆدی شیکاری ئامانجی توێژینەوەکە ڕوون بکەینەوە.

توێژینەکە لەپێشەکی و لەسێ تەوەر و ئەنجام و لسیتی سەرچاوەکان و پاشکۆ پێکهاتووە. تەوەری یەکەم بەناونیشانی (ناساندنی ڕۆژنامەی ژیانەوە)، لەم تەوەرەدا کار لەسەر ناساندنی ڕۆژنامەکە و هێڵە گشتیەکانی نوسین لەم ڕۆژنامەیەکەدا کراوە. تەوەری دووەم بەناونیشانی(ناساندنی کێشەی ویلایەتی موسڵ)، باسی کێشەی ویلایەتی موسڵ کراوە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکە تا کۆتایی کێشەکە و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە. تەوەری سێیەم لەبارەی (ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵە لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا)، یەکێکە لەتەوەرە سەرەکییەکان، لەم تەوەرەدا بەتەواوی تیشک خراوەتە سەر بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لەبارەی کێشەی موسڵ و کاری لیژنەی موسڵ. هەربۆیە چەندین دەق و بابەتی ڕۆژنامەکە لەم تەوەرەدا بۆ خوێنەر وەك خۆی گواستراوەتەوە.

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا ڕۆژنامەی ژیانەوە سەرچاوەی سەرەکییە و بەپلەی یەك پشتی پێی بەستراوە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا پشت بەچەندین سەرچاوەی تری ڕەسەن بەستراوە. بەتایبەت ئەوانەی کە نوسەرەکانیان لەو ڕۆژگارەدا ژیاون و شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوون. لەوانە ئیدمۆندس و ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە و جەلال تەقی و کابتن لاین. یان سود لەنوسینی چەند نوسەرێکی تر وەرگیراون کەماوەیەکی کەم دوای برانەوەی کێشەکە ئاماژەیان بۆ کردووە، لەوانە نوسەری عێراقی عبدالرزاق الحسنی و نوسەری کورد محمد ئەمین زەکی بەگ. ئەمەو لەگەڵ پشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**1- ناساندنی ڕۆژنامەی ژیانەوە**

ڕۆژنامەیەکی حکومی بووە یەکەم ژمارەی لەڕۆژی دووشەممەی 18 ئابی 1924 دەچووە، لەژێر ناونیشانی ڕۆژنامەکە نوسراوە "ام غزتەیە غزتەیەکی حکومتیە هفتەء جاریك دردچی". دوا ژمارەشی لە 14 کانوونی دووەمی 1926 دەرچووە(بڕوانە یەکەم و کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەکە لە پاشکۆی ژمارە 1). دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە دوای ئەوەهات لە 25 ئایاری 1924 ئینگلیزەکان بەسەختی بۆردومانی شاری سلێمانیان کرد لەکۆی 19300 کەسی شار تەنها 700 کەس ناو شار مانەوە، تا دوای چوار مانگ ئینجا بارودۆخی شار ئاسایی بووەوە. ئەحمەد خواجە(1) کە خۆی لەو سەردەمدا بینەری ڕووداوەکان بووە ئاماژەی بەوە کردووە کە شاری سلێمانی لەژێر بۆردوماندا دەکولا و کۆڵانەکانیش پڕ بوون لەلاشە. دوای گەڕانەوەی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی، لەم سەروبەندەدا لە 18 ئابی 1924 ئینگلیزەکان ڕۆژنامەی ژیانەوەیان لەشاری سلێمانی دەرکرد و ناوی ڕۆژنامەکەیان نا ژیانەوە، ئەمەش مانای دووبارە ژیانەوەی شاری سلێمانی دەگەیاند پاش ئەو کارەساتەی باسمان کرد. کەواتە دوای شکستی ڕاپەرینەکانی شێخ مەحمود لەنێوان ساڵانی (1919-1925) لە شاری سلێمانی و پاشان گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز و حکومەتی عێراق بۆ شارەکە لەساڵی 1924 ڕۆژنامەی ژیانەوەیان دەرکرد(خواجە، 2013، 152-153؛ مەزهەر، 2001، 41-42؛ عمر، 2001، 122؛ بطی، 2011، 43).

هۆکاری سەرەکی دەرچوونی ڕۆژنامەی ژیانەوە لەشاری سلێمانی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان ترسێکی زۆریان لەشاری سلێمانی هەبوو، دوای گەڕانەوەیان بۆ شارەکە هەوڵیاندەدا لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە باوەڕ بەخەڵکی سلێمانی بێنن کە چیدی کورد و تورك پێکەوە ناژین، پێویستە خەڵکی شارەکە لەچوارچێوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ چوونە پاڵ عێراق هەڵبژێرن، یەکێکی تر لەسەرچاوەی ترسی ئینگلیزکان لە سلێمانی ڕاپرسی ساڵی 1919 بوو، کاتێك لەو ساڵەدا ئینگلیزەکان ڕاپرسیەکیان کرد بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی ویلایەتی موسڵ، سەربارەت بەلکاندنی ویلایەتەکە بەهەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرەوە خەڵکی سلێمانی ڕەتیان کردووە دەنگ بدەن بەلکاندنیان بەعێراقەوە(بۆ بینینی بەڵگەنامەی ئینگلیزەکان سەربارەت بەڕاپرسی 1919 و دەنگدانی خەڵکی سلێمانی دژی لکاندنیان بەعێراقەوە بڕوانە، کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی برتانیادا 1918-1924، 2017، ب3، 344). لەلایەکی تر بوونی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەوکاتەدا کە بابەخی گەورەی بۆ ئینگلیزکان هەبوو، بۆیە ڕۆژنامەی ژیانەوە زۆرترین بایەخی بەم بابەتە داوە و بەجۆرێك هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی لەم بارەیەوە ناگاتە ئاستی ژیانەوە. ئینگلیزەکان دەیانویست پێش هاتنی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان شاری سلێمانی ئامادە بکەن، ژیانەوە یەکێك بوو لە چەکە کاریگەرەکانیان. ئینگلیزەکان ترسێکی زۆریان لەشاری سلێمانی هەبوو پێیان وابوو ململانێی یەکلاکەرەوەیان لەگەڵ تورك لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ لەسلێمانیدا دەبێت، چونکە ئەو شارە سەراپای دانیشتوانی کورد بوون، هیچ کەمینەیەکی تێدانەبوو، کوردەکانی شارەکەش بەدرێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود لە ڕاپەڕیندا بوون دژی ئینگلیزەکان. لەهەمان کاتدا خەڵکی شارەکە ئاشنایەتی و زانیاریان لەسەر کێشەی موسڵ هەبوو، هەر لەڕۆژگاری حکومەتی شێخ مەحمودەوە کەم و زۆر باسی کێشەکە دەکرا و ڕووناکبیرانی ئەم شارە داوایان دەرکرد پێویستە قەڵەمڕەوی شێخ مەحمود هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی موسڵ بگرێتەوە( شوانی، 2002، 208-209).

هەروەها ڕۆژنامەکە وەك زمانحاڵی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق وابوو بەردەوام هێرشی دەکردە سەر ئەوکەس و لایەنانەی دژی حکومەتی عێراق و بریتانیا کاریان کردووە(عمر، 2001، 122؛ بطي، 2011، 41)، لەوانە ڕۆژنامەکە هێرشی توندی دەکردە سەر شێخ مەحمود و بەدز و جەردە و تاڵانچی ناوی بردووە. وەك لەم بارەیەوە نوسیویەتی "زور چاك معلومە كە شیخ محمود لپاش اوەء بوە بەدز و جردەیکی عادی! شەو جردە بی حیاکانی انارد بو اوە نان فلاح و جوتیارە قوربسرەکان بدزن و لپاشان بە کرەکانیانەوە رایان اکرد بو ایران". (بڕوانە، ژیانەوە، ژ52، 10 کانوونی یەکەمی 1925، 4). ئەمەش وای لە نوسەرێکی کورد کردووە بڵێت ڕۆژنامەکە بە ئینگلیزی دوژمنی کوردی دەوت فەخامەت، سەعادەت و موحتەرەم، کەچی بەشێخ مەحمود و یاوەرانی دەوت چەتە، ڕێگر، جەردە و مەلیکە درۆزنە(ناوخۆش، 2020، 30). ڕۆژنامەکە ئەوەشمان پێدەڵێت کە هەموو خەباتی شێخ مەحمود بەپشت بەستن بەتورك بووە و تورکیش هیچی بۆ کورد نەکردووە، بەڵکو حکومەتی تورکیا کوردەکانی خۆی سەرکوت دەکات و کۆمەڵکوژیان دەکات ئیتر دەبێ چی بۆ شێخ مەحمود و کوردی ویلایەتی موسڵ بکات. وەك لەم بارەیەوە نوسیویەتی، "تورکەکان قتل وعام کوردەکانیان کردوە لە پنچا هزار کس زیاتر ژن منال و پیاویان کوشتوە پیاوی وکو شیخ عبدالقادر و کورەکی و چند هزار کسی ناوداریان لناو بردوە". (بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە بڕوانە، ژیانەوە ژ36، 20 ئابی 1925، 3). هەروەها ڕۆژنامەکە دەیەوێت ئەو پەیامەش بەکورد بگەیەنێت کە تورك بەناوی ئیسلامەوە دەیانەوێ شێخ مەحمود بخەڵەتێنن، کە گوایە تورك موسڵمانەوە بەزەیی بە موسڵماناندا دێتەوە. وەك لەم بارەیەوە نوسیویەتی، او خوی لکل حکومت تورکدا ریك خستوە شکر حکومتیکی اسلامە بەزەیی بە ملت اسلامدایتەوە(بڕوانە، ژیانەوە ژ36، 20 ئابی 1925، 2). بێگومان لێرەدا پەیامێکی تری ڕۆژنامەکە ئەوەیە کە تورك بەناوی ئیسلامەوە دەیانەوێ کوردەکان بخەڵەتێنن، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوان هیچ بۆ کورد ناکەن و تەنها بەکاریان دێنن. ڕەفیق حلمی کە خۆی بەشداری بزوتنەوەی شێخ مەحمودی کردووە و بەنوێنەرایەتی شێخ سەردانی کاربەدەستانی تورکی لە ڕەواندز و ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ کردووە، بۆ ئەوەی تورکەکان یارمەتی بزوتنەوەی شێخ مەحمود بدەن، لەم بارەیەوە لە کتێبی (یادداشت)دا باسی لەوە کردووە کە تورکەکان دەیانویست بەناوی ئیسلامەوە شێخ مەحمود بەکاربهێن و کاربەدەستانی تورك لایان وابوو شێخ مەحمود سەودای کوردایەتی لە مێشکدا نیەو و ئەو موسڵمانێکی خاوێنەو دۆستی تورکەکانە و کار بۆ تورك دەکات(بۆ خوێندنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بڕوانە، حلمی، 2003، 363).

یەکێکی تر لەو ڕێگانەی کە لەم ڕۆژنامەیەوە خزمەتی بەژەوەندی ئینگلیزی کراوە، لە ڕۆژنامەکەوە ڕەخنەی توند ئاراستەی شێخ مەحمود کراوە، ئەمەش لە کورتە چیرۆکی چیرۆکنووس جەمیل سائب(1887-1951)، چیرۆکنوسی ناوبراو لەڕێگەی کورتە چیرۆکی (لەخەوما) بەتوندی دژی شێخ مەحمود قسەی کردووە و لەم چیرۆکەوە نوسەر ئەیەوێ بەگەلی کورد بڵێ کە شێخ مەحمود کەسێکی ڕاڕا و نەخوێندەوارەو، و کەسانی نەزان و نەفام و دواکەوتووی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە. هەڵبەتە پەیامی سەرەکی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە گەلی کورد ناتوانن لەڕێگەی کەسێکی وەکو شێخ مەحمودەوە بە ئاواتەکانی خۆیان بگەن(بۆ خوێندنەوەی تەواوی چیرۆکەکە بڕوانە ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارەکانی، 28، 29، 30، 31، 32، 34، 35، 36، 37، 38، 39، 41، 42، 45، 47، 48، 49، 50).

هەروەها ڕۆژنامەکە بایەخێکی زۆری بەکوردەکانی تورکیا داوە لەوانە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران(2) کە ئەو کات لە کوردستانی ژێر دەستی تورکیادا هەڵگیرسابوو، ڕۆژنامەکە لەڕێگەی ئەم بابەتەوە دەیەوێ پەیامی ئەوە بە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بگەیەنێت کە ئەگەر ئێوەش چوونە پاڵ تورکیا هەڵبژێرن، ئەوا بێگومان بەشتان لەناوبردن و چەوسانەوە دەبێت وەك ئەوەی ئەوکات تورکیا دژی کوردەکانی خۆی دەیکرد. هەروها ڕۆژنامەکە ئەوەش بەبیری کوردان دەهێنێتەوە کە ئەوان بۆ ماوەی چوار سەدە لەژێر دەستی عوسمانی و تورکدا بوون و هیچ خێرێکیان لەتورك نەبینیوە جگە لە چەوسانەوە و دواکەوتوویی نەبێت. وەك لە بابەتێکدا بەناوی کورد و تورك گورگ و مەڕ دەڵێت، "لەروژیکەوە کە حکومت تورك حقوقی حکمداری بابانەکان و قومیت کوردە مظلومەکانی غصب و استیلا کردوە... فلاکت اسبابیکی ترقی و سعادتیان بو ام قومە مظلومە اعتبار نکرد... عجبا او تورکانەیە کە دوبارە ارزوی استیلای ام قومە اکنەوە". (ژیانەوە ژ19، 2 مارتی 1925، 1؛ هەر لەم بارەیەوە بڕوانە هەمان ڕۆژنامە، ژ20، 9 مارتی 1925، 3-4؛ ژ21، 19 مارتی 1925، 1-3). هەروەها لە بابەتێکی تردا لەباسی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیراندا بەناوی (هاواری کورد) باس لەو ستەمە دەکات کە دەسەڵاتی ئەو کاتی تورك لە کوردەکانی دەکات و دەڵێت، "ای عالم مدنیت خبرداربە وحشت تورك لە درجە یکدایە کە رئیس حکومت بەصورت افتخار اعتراف دکا و رسما بو غزتەکان بیان دەکا کە همو شیو و شاخ کردستان کراوە بەمدفن اکراد لە حقیقتیشدا معلوم بوە کە همو کورە شیویکی کردستان بوەتە مقبرەء بی کفنەکان". (ژیانەوە ژ26، 14 مایسی 1925، 2). وەك بەبابەتێکی تردا ئەوە بەبیری کوردەکانی ویلایەتی موسڵ دێنێتەوە کە حکومەتی تورکیا چۆن ستەم لە کوردەکانی خۆی دەکات و باسی لەوە کردووە حکومەتی تورك کوردە ڕۆشنبیرەکان دەکاتە ئامانج و بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی تورکیا دووریان دەخاتەوە. وەك لەبابەتێك بەناونیشانی (اخطار تورك بو سر کوردە منورەکان) دەڵێت، "حکومت تورك دائما رصد کوردە منورەکان اکا شدتی دا بە مراقبەء

كوردە منوركانى دياربكر و ماردين، الى ايوە خريكن لە توركيا جوى ببتەوە و خوتان بخنە سر كوردەكانى عراق وەكو اوان اسراحت و حريت رابوين. حكومت دياربكر زور لە كوردە كورەكانى نفى كرد بو داخل اناطول وكو نفى كردنى ارمنى و رومەكان استمول و عربەكانى كليكيا". (ژيانەوە ژ8، 24 تشرينى يەكەمى 1924، 2).

شايانى باسە هەندێك لە بەرپرسە ئینگلیزەكان هەردەم ئەوەيان بەبیری كوردەكانی ویلایەتی موسڵ دەهێنایەوە كە ئەوان وەك دەسەڵاتی ئینگلیز و تەنانەت حكومەتی عێراقیش زۆر لە تورك بۆ كورد باشترن و نەرمونیان مامەڵەیان لەگەڵ كوردەكان كردووە. هەروەك كابتن لاین كە لەكاتی هاتنی لیژنەی كۆمسیۆنی موسڵ "مفتش إداري" ئینگلیزكان بووە لە هەولێر لەم بارەیەوە باسی لەوە كردووە كە چۆن توركەكان بەدڵڕەقیەكی زۆرە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانیان لە دیاربەكر سەركوت كرد و هەزارانیان لە كوردەكان كوشت و خودی شێخ سەعیدیان لە دیاربكر هەڵواسی، لەكاتێدا ئەوان وەكو ئینگلیز بەكەمترین زیانەوە ڕاپەڕینی شێخ مەحمودیان لە سلێمانی كپ كردەوە، تەنانەت شێخ مەحمودیان لە ساڵی 1922 گەڕاندەوە سەر دەسەڵات لە سلێمانی و دەرفەتێكی تریان بۆی ڕەخساند(بڕوانە، لاین، 2007، 175-176). شایەنی باسە لەكاتی ململانێی نێوان توركیا و بریتانیا لەسەر كێشەی ویلایەتی موسڵ سیاسەتی شۆفینیانەی كاربەدەستانی تورك دژ بەكوردانی توركیا خزمەتی زۆری بەرژەوەندی هەردوو حكومەتی عێراق و بەریتانی كرد، ئەم سیاسەتە كاریگەری توندی لەسەر كوردانی باشوور دانا تا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە توركیا دووربكەونەوە، هاوكار بوو بۆ ئەوەی كێشەكە لەبەرژەوەندی عێراق و بریتانیا كۆتایی پێ بێت(قادر، 2019، 136؛ ئەحمەد، 2004، 29).

ڕۆژنامەكە زۆر ستایشی حكومەتی بریتانیای دەكرد لەبەرانبەر یارمەتیدانی بۆ كورد بۆ ئەوەی ساز و ئامادەی ژیان بن پاش سەردەمی تاریكی عوسمانیەكان. هەروەها ڕۆژنامەكە بایەخی گەورەی بە چالاكی ڕووداوەكانی حكومەتی بەغدا دەدا و بەدواداچوونی بۆ چالاكییەكانی مەلیك فەیسەڵی یەكەم(1921-1933) مەلیكی عێراق كردووە. لەپاڵ بایەخدان بەچالاكی حكومەت و وەزارەتەكانی عێراق. ڕۆژنامەكە بەیداخی داكۆكی هەڵكرد لەپێناو لكاندی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە، بەوردی ڕووداوەكانی تایبەت بە ویلایەتی موسڵی دەگواستەوە و هەوڵی سەلماندنی عێراقییەتی ویلایەتی موسڵی دەدا و داوای لە كوردەكان دەكرد گوێ بەداواكاری توركیا نەدەن و چونە پاڵ عێراق هەڵبژێرن(عمر، 2001، 122-123). جێگەی باسە پێداهەڵدانی ئینگلیزەكان و نوسینی چەندین بابەت دژی ئەوانەی نەیاری ئینگلیز بوونە لەم ڕۆژنامەیەدا، وای لە مێژوونوسی ناوداری عێراقی عبدالرزاق حەسەنی كردووە لەكتابی(تأريخ الصحافة العراقية)دا بڵێت كە ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵ و داردەستی ئینگلیزەكان بووە و بەفەرمان و گوێڕایەڵی ئەوان دەرچووە و بەفەرمانی ئەوانیش داخراوە(الحسنی، 1935، 89).

لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆژنامەی ژیانەوە هەوڵیداوە بیرۆكەی عێراقچیەتی لەناو كورداندا بچێنێت و داهاتووی كوردستانی باشوور بەعێراقەوە گرێبدات وەك لە بارەیەوە دەڵێت "بی عراق ژیانمان نابی". (ژیانەوە، ژ 17، 23 شوباط 1925، 1). شایانی باسە ڕۆژنامە ژیانەوە بەیەكەم ڕۆژنامەی كوردی لە كوردستانی باشور دادەنرێت كە پەیامی عێراقچیەتی لەناو كورددا بڵاوكردۆتەوە(ناوخۆش، 2020، 145). ئەو پەیامە عێراقچیەی كە ڕۆژنامەكە بڵاوی دەكردووە وای لەنوسەرێكی تری شارەزا لەمێژووی سەرەتاكانی ڕۆژنامەگەری كوردی كردووە، لەم بارەوە بڵێت، "ژیانەوە بەسەرەتای سەردەمێكی نوێ دادەنرێت لە قۆناغی سەرەتای رۆژنامەگەری كوردی لە عێراقدا". (عمر، 2001، 118-119).

ڕۆژنامەكە ئەوە بەبیری كوردان دێنێتەوە كە داهاتووی ئێوە لەگەڵ عێراقدایەوە و ئەوان قەد ناتوانن ئیتر لەگەڵ توركدا بژین. ئەوەش بەكوردەكان دەڵێت لەو ڕۆژەی ویلایەتی موسڵ تەشكیل كراوە داهاتووی كوردستانی باشوور بەتەواوی بەعێراقەوە گرێدراوە. وەك لەم بارەیەوە وتوویەتی، "قسمیكی كوردستانی جنوبی كە لە زمان توركەكاندا و لە ادارە حاضریشدا ولایتی موصل تشكیل اكا و مربوطە بەعراقەوە و عبارەتە لە سلیمانی، كركوك، هولیر، كویە، رواندز، عقرە، زاخو عمادیە، دهوك و بعضی قضا و نواحی تر امر كتلە عظیمە لەو مدەتەدا كە لەژیر ادارە توركدا بو لمر واسطائە كە عرضمر كردن محرومر بو" . (ژیانەوە، ژ 17، 23 شوبات 1925، 3). ڕۆژنامەكە ئەوە بەكوردان دەڵێت كە ناوچەكە لە زەمانی عوسمانیەوە گرێدراوی عێراقە. لەڕووی ئابووریشەوە چارەنوسی لەگەڵ عێراقدایە. وەك لەم بارەیەوە دەڵێت، "لەهمو خصوصیكەوە قطع مناسبتمان لە كل بغدادابو توشی چە فلاكتی بوین چون محو بوینەوە". (ژیانەوە، ژ 17، 23 شوبات 1925، 4). كەواتە كاربەدەستانی بەریتانی هەوڵیاندەدا هۆكاری ئابووری زەق بكەنەوە، بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە بلكێنرێ. لەم ڕوانگەیەوە دەیانویست وانیشان بدەن، كە بازرگان و خاوەن موڵكەكان زۆر بەتوندی دژی سەربەخۆیی كوردستانن، و كوردەكان دەیانەوێ بێ هیچ مەرجێك بچنە پاڵ عێراق، چونكە ئەوان پێیان وابوو جیابوونەوە لە عێراق بۆ ئەوان مانای ماڵ وێرانیە، بۆیە بازرگان و خاوەن موڵكەكان پاڵپشتی حكومەتی عێراق و بەریتانیەكان دەكەن(E.afwirsen، 2010، 111؛ شوانی، 2002، 207 ودواتر).

لەلایەكی تر ڕۆژنامەكە هەواڵێداوە ڕێكلام و هەواڵی ئەو كۆمەڵەو گروپانە بگوازێتەوە كە داوایان كردووە ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە بلكێنرێ. لەدیارترینی ئەو كۆمەڵەیەش (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن)ە لە سلێمانی. بۆ پاڵپشتیكردنی چوونە پاڵ عێراق چەند كەسانێك لە توێژی شاری سلێمانی كە بازرگانیشیان تێدابووە، بەهاندانی ئینگلیزەكان لەناوەڕاستی كانوونی دووەمی 1925دا كۆمەڵەیەكیان بەناوی (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن) لە سلێمانی دامەزراند. ئەم كۆمەڵەیە پاڵپشتی ئەوەی دەكرد كە باشووری كوردستان بەعێراقەوە بلكێنرێ، وەك لە پرۆگرامی كۆمەڵەكەدا هاتبووە، "اساس و غایە ام جمعیتە مدافعە وطن و حدود حاضرە ویلایت موصلە... افراد ام جمعیتە خوی بەكوردیكی عراقی اناسی و وطن و مملكتەكیان لەكل ولایت موصلدا بەجزئیكی لابنفكی عراق عد اكات". (بۆ زانیاری لەسەر پێڕەو و پرۆگرامی ئەم كۆمەڵەیە و زانینی ناوی ئەندامەكانی، بڕوانە: ژیانەوە، ژ 16، 19 شوباتی 1925، 1-3). ئەندامانی كۆمەڵەكە كە خۆیان بەبازرگان و ئەشراف ناساندوە، بەرژەوەندیی خۆیان لەبەیاننامەیەكدا بە عێراق دەبەستنەوە و دەڵێن، "معلومە كە همو معاملات و تجاریە و اقتصادیە ایمە لیراوە بە عراقەوەیە، بی عراق ژیانمان نابی". ( ژیانەوە، ژ 17، 23 شوباتی 1925، 1). ئەم كۆمەڵەیە بەشێوەیەك تەماشای ویلایەتی موسڵیان كردووە، كە هەر لە سەردەمی عوسمانیەوە بەتەواوی بەعێراقەوە پەیوەست بووە و پچڕانی پەیوەندیان لەگەڵ عێراق بە لەناوچوون داناوە. بەگوێرەی بیروڕای ئەم كۆمەڵەیە، ناوچە كوردییەكان كە ناوچەیەكی گرنگی بەرهەمهێنە لەڕوانگەی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری، بەتایبەتیش لە بەرهەمهێنانی تووتن و گەنم و جۆ و برنج و پەمۆ و میوە، ئەم بەرهەمانە لە سەردەمی عوسمانیەوە ڕەوانەی بەغدا كراون(ژیانەوە، ژ 18، 26 شوباتی 1925، 1؛ ژیانەوە، ژ 17، 3-4). كۆمەڵەكە بانگەشەی ئەوەی كردووە، كە ئەگەر كوردستان بچێتە پاڵ عێراق پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ شارەكانی تری عێراق پەرەدەسێنێ، بەمەش ناوچە كوردییەكان پێشدەكەون، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ناوچە كوردییەكان بچنە پاڵ توركیا ئەوا ئابووری و بازرگانی لەناو دەچێ. وەك لەم بارەیەوە دەڵێت، "هیچ كوردیك نیە دفعەیكی كە بیەوی بچیتە ژیر بند اسارت و استبدای توركەوە، چونكە اوسا هر ثروت و اقتصادیات، تجارتمان محو ابیتەوە". ( ژیانەوە، ژ 18، 26 شوباتی 1925، 2). ئەم كۆمەڵەیە دوای یەكلایی بوونەوەی كێشەی ویلایەتی موسڵ هەڵوەشایەوە و لە كاركەوت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە بەدەستی ئینگلیزەكان دروستكرابوون و هیچ مۆركێكی نیشتمانی پێوە نەبووە(شوانی، 2002، 211).

هەروەها ڕۆژنامەی ژیانەوەی بایەخ و گرنگی زۆری داوە بەدروستبوونی (جمعیت مدافعەء حدود) لە شاری موسڵ. كاری ئەم كۆمەڵەیە هەروەك كۆمەڵەی مودافەعەی وەتەن بووە لەسلێمانی، بەپاڵپشتی ئینگلیزەكان دامەزراوە و مەبەستی سەرەكیش هەوڵدانبووە لەپێناوی لكاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە. وەك لە گوتاری كۆنگرەی دامەزراندنی مەجلیس لەموسڵ لەڕۆژی 26 كانوونی دووەمی 1925دا هاتووە، "...عموم اشراف و علما و وطنیەكانی موصل لە دائرەء بلدیە گرد بونەوە لە طرف آصف افندی یەوە خطبەیكی مؤثر و بلیغ خویندرایەوە بو محافظەء حدود حاضرە ولایت موصل هرچە تدابیریك لازمە بو اجراكردنی بیان كرا... بە رأی عمومی قرار درا كە هیئتیكی تمثیلە تشكیل بكن بو واسطەی ام هیئتەوە مطالب خویان عرض أعضاكان عصبة الامم بكن". (بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە، ژیانەوە ژ15، 16 شوباتی 1925، 3).

**2- ناساندنی كێشەی ویلایەتی موسڵ**

دوای سەرهەڵدانی جەنگی یەكەمی جیهانی دەوڵەتی عوسمانی لە 4ی ئابی 1914 ڕێككەوتنێكی لەگەڵ ئەڵمانیا مۆركرد، ئەم ڕێككەوتنە ماوەكەی تا ساڵی 1918 دیاریكرابوو، لەكاتی ڕازیبوونی هەر دوولا دەكرا نوێ بكرێتەوە. ئەم ڕێككەوتنە بووە بنەمایەك كە عوسمانیەكان ببن بە هاوشانی ئەڵمانیا لەجەنگ دژی هاوپەیمانان(ARMAOĞLU, 2014, 96). بەریتانیا لەماوەی جەنگی یەكەمی جیهاندا بەشێكی زۆری خاكی عێراق ویلایەتەكانی بەسرە و بەغدای داگیركرد، پێش كۆتایی جەنگ سوپای بەریتانی گەیشتە شارۆچكەی فەتحە لەباشووری شەرگات تەنها 12 میل مابوو بۆ ئەوەی بگەنە ناو شاری موسڵ، لە 30 تشرینی یەكەمی 1918 ئاگربەستی مۆدرۆس لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی مۆركرا بەو پێیەش كۆتایی بەجەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان هات. لەبەندی حەوتەمی ئاگربڕی مۆدرۆسدا هاتووە لەهەر شوێنێكدا ئاسایشی هاوپەیمانان بكەوێتە مەترسییەوە مافی ئەوەیان هەیە ئەو شوێنە داگیر بكەن. هەروەها لەبەندی شانزەشدا هاتووە دەبێت هەموو حامیە سەربازەكانی حیجاز، یەمەن، سوریا و میزۆپۆتامیا بدرێتە دەستی نزیكترین فەرماندەی هاوپەیمانان. دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست ژەنەراڵ ولیام مارشال فەرمانی لەوەزارەتی جەنگی بەریتانی وەرگرت بۆ گرتنی تەواوی ویلایەتی موسڵ بەپشت بەستن بە بەندی حەوتەمی ئاگربەستی مۆدرۆس. پێش چوونی بریتانیەكان بۆ ناو شاری موسڵ ژەنەراڵ ولیام مارشال فەرماندەی لەشكری بریتانی داوای لە علی ئیحسان پاشا فەرماندەی لەشكری عوسمانی كرد شارەكە چۆڵ بكات، دوای گفتوگۆی نێوانیان عوسمانیەكان لە موسڵ پاشەكشەیان كرد، لە 8ی تشرینی دووەمی 1918 هێزەكانی بەریتانیا پێشڕەویان كردوو و ئاڵای بەریتانیایان لەشارەكەدا هەڵدا، بەمەش تەواوی موسڵ كەوتە دەست بەریتانیا، دواتر بریتانیەكان شارەكانی تری ویلایەتی موسڵیان داگیركرد(صالح، 1953، 12؛ حسین،1977، 2-3؛ احمد و

حمیدی، 1989، 15؛ مراد و احمد، 1992، 229-230). تورکەکان لەلایەن خۆیانەوە داوای ویلایەتی موسڵیان دەکردەوە پێیان وابوو دوای ئاگربەستی مۆدرۆس بریتانیەکان بەزۆر داگیریان کردووە، لایان وابوو کە ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕوای تورکیایە، بەڵام بەریتانیەکان لایان وابوو گرتنی ویلایەتی موسڵ کارێکی تەواو یاسای بووە و بەگوێرەی مادده حەوت و شانزەمی ئاگربەستی مۆدرۆس داگیرکراوە کە پێشتر تورکەکان خۆیان واژوویان لەسەر کردبوو(احمد و حمیدی، 1989، 46؛ عیسی، 2005، 58؛ مینە، 2012، 201 ودواتر).

بۆ کۆتایهێنان بەکێشەکانی پاشماوەی جەنگ و دوای بەردەوامبوونی کێشەی موسڵ هەردوو حکومەتی بریتانی و تورکی لەکۆنگرەی لۆزاندا گفتوگۆکانیان دەربارەی چارەسەری کێشەکان کرد(حسین، 1977، 29-30؛ سەیفەدین،2010، 102). بەڵام لە ڕێکەوتننامەی لۆزاندا کێشەکە چارەسەر نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی ماددەی سێیەمی ڕێکەوتنەکە ماوەی نۆ مانگ دیاریکرا، ئەگەر هەردوو حکومەتی تورکیا-بەریتانیا نەگەیشتنە ئەنجام کێشەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان(العقراوی، 1936، 55؛ الحسنی، 1988، ج1، 272-273 ؛SANDER, TARIH SIZ, 96). لەو کاتەدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دڵگران بوو بەکارکردن بە ماددەی 3 لە ڕێکەوتننامەی لۆزان کە کێشەی موسڵ درایە کۆمەڵەی گەلان، وە فەتحی بەگ ئەفەندی تاوانبار دەکرا کە لە دانوساندنەکانی بەریتانیا بەشداربوون ڕازیبووە بەم بڕیارە پێیان وابوو دەیتوانی بەرگری بکات و ڕازینەبێت، چونکە وایان شرۆڤە دەکرد کە ئەم مەسەلەیە بێتوانایی تورکیا نیشان دەدات وە هیچ سودێك نابینێت....( OAD, HR.EM. 250.28 ). شایەنی سەرەنجە کە بەریتانیا بەبایەخەوە دەیڕوانیە بابەتەکە هەر بۆیە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکیا لەسەر مەسەلەی موسڵ، سیر برسی کۆکس ئامادە دەبوو، ئەمەش لە نووسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاماژەی پێکراوە وە دووپاتکراوەتەوە کە ناوبراو لەسەر ئەم مەسەلەیە سەرکردایەتی ئینگلیز دەکات(OAD, HR.EM. 239.17). هەر دوولایەنی تورکی- بەریتانی دووجار کۆبوونەوە لە 19ی ئایار تا 5ی حوزەیرانی 1924, بەهۆی پێداگری هەردوولا لەسەر هەمان داواکاری پێشتریان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك( ARMAOĞLU, 2014, 289). بەهۆی زیادبوونی ناکۆکیەکان لە 29ی تشرینی یەکەمی 1924 کۆمەڵەی گەلان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامدا لە شاری برۆکسلی پایەتختی بەلجیکا. بەئامانجی کەمکردنەوەی گرژیەکان سنورێکی کاتی لە نێوان تورکیا- عێراق کە بەهێڵی برۆکسل(3) ناسرا، کێشرا. بەنزیکی هێڵی کۆنی سنوری موسڵ و هەکاری بوو( KÜRKÇÜOĞLU, 2006, 356).

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەدانیشتنی ڕۆژی 30 تشرینی یەکەمی 1924 بڕیاریدا بەپێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بەکێشەی موسڵ و ناردنی لێژنەکە بۆ ناوچەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەکردن و وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ویلایەتەکە، پاشان لیژنەکە ڕاپۆرتێکی تەواو دەربارەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و چۆنیەتی چارەسەری کێشەکە پێشکەشی ئەنجومەنەکە بکات(زکی بگ، 1939، 284؛ البرقاوی،1980، 96؛ wirsen. af .E2010، 14). کارەکانی لیژنە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست، بۆ بە دەستهێنانی سەرکەوتن بۆ ئەو کارەی کە ڕاسپاردەکراون، هەروەها بەپێی ماددەی 3(برگەی 2) لەڕێککەوتنی لۆزان، پێویست بوو هەریەك لە تورکیا و بەریتانیا لەکاتی بڕیاردان دەبوو بەبڕیاری کۆتایی لیژنەکە ڕازی بن(KÜRKÇÜOĞLU, 2006, 356). حکومەتی بەریتانی مستەر ئاڕ ئێف جاردنی(Mr.Jardine)ی وەك نوێنەری خۆی لە لیژنەکە دامەزراند، صبیح نەشئەتیش وەك نوێنەری عێراق لە لێژنەکە دیاری کرا(زکی بگ، 1939، 284-285؛ تەقی، 1970، 87؛ حسین، 1977، 50 ومابعدها). بەگوێرەی نووسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە 1 تەمموزی 1925، داوای دامەزراندنی جەواد پاشا دەکات وەك نوێنەری تورکیا. حکومەتی تورکیاش ئەم داواکارییەی پەسەند کرد( OAD,HR.EM. 247.24). پێشوتریش لە 16ی شوباتی 1925 بۆ ووردبینی کردن لەسەر کێشەی موسڵ لە تورکیا دەستەیەك پێکهاتووە بۆ ئەوەی بچن بۆ کۆمەڵەی گەلان تاوەکو ئەو نوسراوانەی کە پەیوەستە بەم کێشەیە تسلیمی کۆمەڵەی گەلان بکرێت( OAD,HR.EM. 132.75 ، بۆ بینینی ئەم بەڵگەنامانە بڕوانە پاشکۆی ژمارە 3).

لیژنەی لێکۆڵینەوە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ویلایەتەکە و وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ویلایەتەکە. لە 16 تەمموزی 1925 ڕاپۆتێکی پێشکەشی کۆمەڵەی گەلان کرد. لەڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە دانیشتوانی موسڵ ئارەزوو دەکەن لەگەڵ عێراق بن، هەروەها لیژنەکە داوای کردبوو ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە بلکێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەکە دوایکردبوو دەبێ ئیدارەیەکی ناوخۆیی سەربەخۆ بۆ کوردەکان دروست بکرێ و فەرمانبەری ناوچە کوردییەکان کورد بن و زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندن و دادگاکان بێت لەناوچە کوردییەکان. لەکۆتاییدا لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەکە کۆمەڵەی گەلان لە 16 کانوونی یەکەمی 1925 بڕیاریدا بەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە(زکی بگ، 1939، 285، فتح الله، 2002، 677؛ ئیدمۆندس، 2004، 512؛ wirse. af .E، 2010، 116-117). ڕازیبوونی تورکیا بەم بڕیارە ئاسان نەبوو، بەڵام دوای ڕێکەوتنی سێ قۆڵی لەنێوان بەریتانیا و تورکیا و عێراق بەگوێرەی ماددەی یەکەمی پەیمانی نێوانیان تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی هێڵی برۆکسل سنوری نێوان خۆی و عێراق بێت(الحسنی، 1988، ج2، 66؛ Uçarol, 2013, 726).

**3- ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا**

پاش پێکهێنانی لیژنەکە لە سەرەتای ساڵی 1925 ئەندامانی لیژنەکە سەردانی ئەستەمبوڵیان کرد و چاوی بەگەورە بەرپرسانی تورك بەتایبەت مستەفا کەمالی سەرۆك کۆمار کەوت. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە تورکەکان جەواد پاشا بەرپرسی ئۆردوی دیار بەکریان وەك نوێنەری حکومەتی تورکیا لە لیژنەکە دیاری کردووە، وەك ڕۆژنامەکە لەم بارەیەوە نوسیویەتی "لەپاش مذاکرەیکی دور و دریژ هیئت افکاری خوی بەحکومت تورکیا سلمان... لەپیش حرکتدا اگهدار کرا کە قماندان اردوی منطقەی دیاربکر جواد پاشا بەمعاون و لەرفاقتیا یك دو اهل خبرەیش تعین کراوە. لەدواییدا هیئت بو قونیە حرکت ولوی لکل ریس جمهور تورکیا مصطفی کمال پاشادا علاقەت کرد". (ژیانەوە ژ 43، 8 تشرینی یەکەمی 1925، 2). ئەندامانی لیژنەکە لە 16 مانگی یەکی 1925 لەڕێگەی سوریاوە گەیشتە بەغدا و پاش گەیشتنیان چاویان بە هنری دوبس مەندوبی سامی بریتانی لەعێراق(1923-1929) کەوت و پاشان سەردانی مەلیك فەیسەڵیان(1921-1933) کردووە، هەروەك ڕۆژنامەکە لەم بارەیەوە دەڵێت، "هیئت چند روژی مانەوەی لەبغدا قبول کرد لم اثنایەدا درحق بەرابطە اقتصادی بین بغدا و موصل کسب معلومات لەسیاست و احوال اداریەی حکومت نازە اجرای تدقیقات کرد، لومدتەی کە لە بغدادا بون لەمالی مندوب سامی عراق سیر هنری دوبس میوان بون... هیئت روژی دوم لە کل جلالتمان ملك فیصلدا ملاقات حضرت ملك دائر بەحدودی مملکت چە نظریەی خوی وچە نظریەی حکومتەکی سرد و بیان کرد". (ژیانەوە ژ 43، 8 تشرینی یەکەمی 1925، 2). کەواتە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی لیژنەکە و دەستپێکردنی کارو چالاکیوکانیان، ڕۆژنامەکە بەرودی بەدواداچوونی بۆ کاری لیژنەکە کردووە و کارەکانیانی بەشێوەیەکی بەردەوام تۆمار کردووە.

هەروەها ڕۆژنامەی ژیانەوە بایەخی تایبەتی بەقسەو لێدانەکانی مەلیك فەیسەڵ دەربارەی کێشەی ویلایەتی موسڵ داوە و بیروبۆچونی ناوبراوی بەوردی گواستوینەتەوە، لەم بارەیەوە مەلیك فەیسەڵ داوای ئەوەی کردووە کە لە کێشەی ویلایەتی موسڵدا دەبێ مافی شەرعی عێراق پارێزراو بێت، هەروەها ناوبراو باسی لەوەش کردووە کە ئەوان ڕێزی تەواوی تورکیا دەگرن و دەیانەوێ پێکەوە بە ئاسایشەوە بژین. وادیارە مەلیك فەیسەڵ یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی ئاسایش لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی سنوور لە نێوانیاندا، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی هەردوولا لەهەموو زیادەڕەوییەك بپارێزێ. لە پەیامێکیشدا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان فەیسەڵ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێستا چارەنوسی عێراق لەدەستی ئەوان دایە. هەروەك دەڵێت، ملك فیصل بە کاغەزیکدا لە بیاناتی اتیەی رسما نارد لم بیاناتەدا طلب حقوقی مشروعی عراق... "ایمە احترام ملت تورك و سعادت تواویان بو تمنی اکەین لکن ایمە بو امەی بەسعی و قوت بازوی خومان خذمت بشریت بکەین ارزو اکین لەپنای امنیت و مسالمتدا بژین بو بەجی هینانی ام ارزویەمان لازمە حدود دابنری کە لە تجاوزات محافظەمان بکا وایمەش مسئلە حیات و مماتە. ملك لەنقطەی عسکری اقتصادی جغرافی قومیت و میلتەوە لەحین تدقیقاتدا لی معلوم بوە کە عراق لەحدود طبیعەت خوی محروم بکری ضربەیکی کورە لە مقدرات مملکتەکەی ادری... لەبر امە تأکید اکەم کە موصل بو عراق لە بابت سرو لشدایە! ایستا کە مسئلە هرچند ظاهرا مسئلە حدود بین تورکیا و عراقە فقط حقیقت حال مسئلە مقدرات همو عراقە!. انجا ایستا رفاە و سعادت چوار ملیون نفس لەدست ایوەدایە". (بۆ خوێندنەوەی تەواوی قسەکانی مەلیك فەیسەڵ بڕوانە، ژیانەوە ژ44، 15 تشرینی یەکەمی 1925، 1-2).

وادیارە دوای گەیشتنی لیژنەکە لە 27 کانوونی دووەمی 1925 بەشاری موسڵ، چەند کێشەیەکیان بۆ دروستبووە، لەوانە حکومەتی عێراق تێبینی هەبووە لەسەر دانانی دوو کەس وەك یاریدەدەری نوێنەری وەفدی تورکی لە لیژنەکە ئەوانیش فەتاح بەگ و نەسیم بەگ بوون، فەتاح بەگ زاوای شێخ مەحمود بووە و عێراقیەکان لایان وابوو ئەمە کەسێکی ئاژاوەچی و جاسوسە و کرێگرتەی تورکەکانە. پاش بێنەو بەردەیەکی زۆر حکومەتی عێراق قبوڵیانی کردووە(ژیانەوە ژ44، 15 تشرینی یەکەمی 1925، 2). لەلایەکی تر ئەندامانی لیژنەکەش لایان وابوو حکومەتی عێراق بەرپرسە لەپاراستنی لیژنەکەو، و لە پاراستنی ئەندامانی تورکی ناو لیژنەکەش بەرپرسیارە وەك دەڵێت، "حکومەت کە لە امنیت عمومیە مسئولە لبر امەی تشبث کردوە بەاتخاذ تدابیر لازمە بۆ تأمین امنیت و محافظەی شخصیەی اهل خبرەی تورك". (بڕوانە، ژیانەوە ژ45، 22 تشرینی یەکەمی 1925، 1).

دوای ئەوەی لیژنەکە لە 27 کانوونی دووەمی 1925 گەیشتە شاری موسڵ چونە ناو بازاڕی شارەکەو، لێرە ڕووداوێك ڕوویدا جێگەی نیگەرانی ئەندامانی لیژنەکە بوو، ئەویش ئەوەبوو کە جواد پاشای نوێنەری تورك بەجلی سەربازیەوە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە چوونە ناو شار کۆمەڵێك خەڵك کە جلی عەرەبیان لەبەربوو، سەرەتا نزیکەی 30 کەس هاتن دەستی جواد پاشایان ماچکرد، ژمارەی ئەو کەسانەی کە وەك خۆپیشاندەر دەرکەوتن گەیشتە 200 کەس، ئەمانە وەك لایەنگری تورك دەستیان کرد بەخۆپیشاندان و کاتێك جەواد پاشای نوێنەری تورکیان بینی خرۆشان پۆلیس بەزەبری هێز بەڵاوەی پێکردن و ئەوانەی دەستی جەواد پاشایان ماچکردبوو لەلایەن پۆلیسەوە لێیاندرا، ئەندامانی لیژنە بەو کارە زۆر نارەحەت بوون و سکاڵای ئەوەیان لەحکومەت کردبوو کە

چۆن بەبەر چاوی لیژنەكەوە خەڵك داركاری دەكرێ. وەك ڕۆژنامەكە لەم بارەیەوە دەڵێت، "27 كانونی ثانی روژی كیشنتی هیئن به موصله... لەناو شار ارزوی كرانم كرد كه لەمال هاتمه دری جواد پاشام بەجلی عسكریەوە دی لەكلمانا بو كران قبول كردنی طلب كرد. بەو اشتیاق و فكرەوە كه بزانم امر البسه رسمیانه چه نوعه تاثیراتیك بەسر اهالیدا اجرا اكا رفاقتیم قبول كرد. داخل به كولانەكانی شار بوین فقط هیشتا پولیس تعقیبی نه اكردین 30 كسی كه بەعرب تیان كیشتبوم نزیكمان بونەوە. دور و پشتی جواد پاشایان كرت و دستیان ماچ كرد بەندای (بژی توركیا) جپله ریزانیان كرد. قله بالغ له پشتمانەوە زور بو تا كیشته دو صد كسی هاوار و دنك بم نسبەته زیاد بوو. له دوای تی پر بونمان له قشله عسكری چند پولیسی دستیان كرد به بلاوكردنەوەی قلەبالغەكە... لامان معلوم بو كه ازدحامەكه اطاعت اوامر پولیسی كرد، لم اثنایەدا حسمان كرد كه دو پولیس بەدار له خلق ادەن. یكی له پولیسەكان پلاماری شخصیكی دابو كه التجای به دوكانیك كردبوو لبر چاومان به دار لی دا مداخلەم به وظیفه بینی بانكی یكی لەقومیسرەكانم كردو پیم وت له حضوری یكی له اعضایان هیئتی جمعیت امر له خلق لیدان منعت دەكەم!". (بڕوانە، ژیانەوە ژ45، 22 تشرینی یەكەمی 1925، 1-2؛ هەروەها بڕوانە یاداشتی سەرۆك لیژنەی كێشەی موسڵ، E. af. Wirsen، 2010، 55).

لایەكی تر لە دژی ئەو خۆپیشاندانەی كە لایەنگرانی تورك كردیان وەك ئەندامانی لیژنەكە باسیان كردووە كاتێك بەرەو شارەوانی موسڵ دەچوون چاویان بەخۆپیشاندانێكی تر كەوت كەبریتیی بوون لەهەندێ قوتابی قوتابخانەكان ئەمانە لایەنگری عێراق بوون و وتافی بژی مەلیك فەیسەڵیان دەوتەوە. هەموو ئەمانە بووە هۆی ئەوەی موتەسەڕیفی موسڵ و موفەتیشی ئیداری بریتانی لەشاری موسڵ چەند داواكارییەك لەئەندامانی توركی ناو لیژنەكە بكات لەوانە نابێ توركەكان كارێك بكەن ببێتە هۆی تێكدانی ئاسایشی شار و دەبێ جەواد پاشا نوێنەری تورك لەكاتی چونە دەرەوە جلی سەربازی لەبەر نەكات، چونكە ئەوە دەبێتە هۆی وروژاندنی خەڵك، بەڵام لیژنەكە ئەمەیان ڕەتكردەوە و داوایان كرد پۆلیس ئەندامانی لیژنەكە و ئەندامە توركەكان بپارێزێ. هەروەها ئەندامانی لیژنەكە بەیەك دەنگ داوایان كرد پارێزگاریان بۆ دابین بكرێ، ئەگینا ناچاردەبن دەست لەكار بكێشنەوە. هەر بۆیە پاش ئەم ڕووداوە موتەسەڕیف و مەندوبی سامی بریتانی لەعێراق بڕیاریاندا كە دەبێ ئەندامانی لیژنەكە لەهەر كردەوەیەكی دوژمنكارانە پارێزراو بن و حكومەتی عێراق و بریتانیا خۆیان بەرپرسیاركرد لەپاراستنی ئاسایشی لیژنەكە. حكومەتی عێراق لەلایەن خۆیەوە بەهەر بیانویەك بێت هەموو جۆرە كردەوەیەكی دژی لیژنەكە و ئەندامانی توركی ناو لیژنەكە سەركۆنە كرد. هەربۆیە دوای ئەوە لیژنەكە لەناو شاری موسڵ دەستی بەكارەكانی خۆی كردەوەو و چەندین كەس بانگران كە مەیلی توركیان هەبوو بیروڕایان وەرگیرا( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ژیانەوە ژ 46، 29 تشرینی یەكەمی 1925، 1-2).

پاشان لیژنەكە دەستیكرد بەبینینی خەڵك لەهەموو چینەكان لەگەڵ خەڵكی شاری موسڵ و دەرەوەی شار چاوپێكەوتنی كرد. لیژنەكە چاوی بەخەڵكی گشتی و تایبەت دەكەوت و بیروڕایان وەردەگیرا بۆ ئەوەی بزانن لەگەڵ عێراق بەختەوەر دەبن یان توركیا. ئەندامانی لیژنەكە پرسیاری ئەوەیان لە خەڵك كردووە ئایا عێراقت دەوێ یان توركیا، ئەمە جگە لەوەی لەچەندین بواری تری شارەكانیان كۆڵیوەتەوە. لیژنەكە داوای لە خەڵكی دەكرد سەربەست بن و بیروڕاكانیان بەئازادانە بڵێن و داوای لە حكومەتیش كردبوو كە دەبێ خەڵكی ئازادانە بیروڕای خۆیان بڵێن و بیانپارێزێ. هەروەها لیژنەكە چەندین خەڵكی بانگكرد كە لەپلەی بەرز و پۆستدا بوون بۆ ئەوەی ئاگاداری بیروڕای هەموو خەڵكی شاری موسڵ بن و بیروڕای هەموو چین و توێژەكان بزانن. جێگەی باسە لیژنەكە جگە لە لێكۆڵینەوە لەسەر هەموو بوارەكانی ویلایەتی موسڵ پێشتر ڕەزامەندی هەدوو حكومەتی توركیا و ئینگلیزیان وەرگرتبوو بۆ ئەوەی ڕاپرسی بەخەڵك بكەن و بیروڕایان بزانن. هەروەك ئەندامانی لیژنە لەبارەی كارەكەیانەوە دەڵێن، "هیئت له مسئلەی حدود موصلدا بەبی امەی میل هیج لایك ببینی ارزوی تحقیقاتیكی بی غشی هیه. لم فكر و ارزودایه هیج مرشیدی نیه لەكل امەیشدا امنەوی و حظ اكین كه بزانین ملت سعادت حقیقی خوی له چه لایكدا ابینی... مبالغه نیه اكر بلین هیئت درحق به موصل حسب الامكان بەتواوی اكهداری فكر اهالی بو)". (بڕوانە، ژیانەوە ژ47، 5 تشرینی دووەمی 1925، 1-2).

لەلایەكی تر ئەندامانی لیژنەكە بڕیاری ئەوەیان دابوو كە بۆ هەر ناوچەیەك بچن نابێ پێشتر خەڵكی ناوچەكە ئاگادار بكەنەوە، ئەمەش لەبەر دروستنەبوونی هیچ پشێوییەك. سەرۆكی لیژنەكە بڕیاری دابوو لەكاتی هەر لێكۆڵینەوە و ڕاپرسیەك لەخەڵكی دەبێ هەدوو ئەندامانی تورك و ئینگلیز ئامادەبن، ئەمەش بۆ ئەوەی هەردوولا شایەت حاڵی قسەی خەڵكی بن. هەروەها سەرۆكی لیژنەكە داوای لەئەندامانی لیژنەكە كردبوو كە پێویستە هەموو پرسیارێك لەخەڵك بكەن، چونكە ئەمە كاری لیژنەكە ئاسان دەكات و بەرچاو ڕوون دەبێت لەو ڕاپۆرتەی كە پێشكەشی كۆمەڵەی نەتەوەكانی دەكەن(ژیانەوە ژ48، 12 تشرینی دووەمی 1925، 1-2؛ ژیانەوە ژ49، 19 تشرینی دووەمی 1925، 2).

یەكێكی تر لە كێشەكانی لیژنەكە ڕەخنەی توندی مەندوبی سامی بریتانی بوو لە عێراق، كاتی ڕەخنەی ئەوەی لە لیژنەكە گرت كە ئەندامانی لیژنەكە تاكە تاكە لەناوچە جیاوازەكان سوڕاونەتەوە. ناوبراو وتبووی بۆیە لیژنەكە لە ئەندامانی جیاواز دانراون تا پێكەوە

کار بکەن، هەروەها باسی لەوەش کردوە کارکردنی لیژنەکە بەم شێوەیە نارەزایی ڕای گشتی بریتانیەکانی لێکەوتۆتەوە و لایان وایە ئەم شێوازە کارکردنە دەرەنجامی خراپی لەسەر کاری لیژنەکە دەبێ، بەڵام سەرۆکی لیژنەکە ڕەخنەکانی مەندوبی سامی بریتانی لەعێراق ڕەتکردەوە و لای وابوو دانانی ئەندامانی لیژنەکە بۆ ناوچەکان بەکۆی دەنگی ئەندامانی لیژنە بووە. هەروەها سەرۆکی لیژنەکە ئاماژەی بەوەش کردبوو کە ئەو ڕەخانە هیچ کاریگەری نابێت و ئەگەر ئینگلیز یان حکومەتی عێراق ڕەخنەی لەشێوازی کاری لیژنەکە هەبووە، دەبوو سەرەتا قسەیان لەسەر بکردایە نەك دوای ئەوەی کاری لیژنەکە بەتەواوی بەرەو پێشەوە چووە، بۆیە ئەوان ئەو ڕەخنانە وەرناگرن و ڕەتی دەکەنەوە. دوای ئەوەی لیژنەکە دەستیکرد بەدابەشکردنی ئەندامانی لیژنە بەجۆرێك جەواد پاشای نوێنەری تورك و مستەر جاردین نوێنەری ئینگلیز لەناو شاری موسڵ مانەوە پاشان سەردانی گوندەکانی موسڵ و سنجار و تەلعەفەر و قەرەقۆش و ئاکرێیان کرد. ئەم ناوچانەش کە دەچوون دوای بانگردنیان پرس و ڕای لادێکانیشیان وەردەگیرا. هەروەها هەمان لیژنە لەموسل لەگەڵ سەرۆکی هۆزی شەممەر کۆبونەوە و بیروڕایان وەرگرتن. هەرچی ئەندام کۆنت تێلکی بوو چووە هەولێر و شەقڵاوە ڕای خەڵکی ئەم ناوچانەی وەرگرت. هەروها لیکۆڵینەوەی لەگەڵ هۆزەکانی خۆشناو و شێخ بزێنی کرا. کۆلۆنێل پۆلیس لەناوچەی کەرکوك تا چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەی کرد. صبیح بەگ نوێنەری عێراق و کامل بەگ نوێنەری تورك لەگەڵ نوێنەری هۆزەکانی عوبێد و جبور و داودە و هەمەوەندن و شوان یەکیان بینی. لەناوچەی کفری مسیۆ بۆنارلیس و فتاح بەگ و ئەفسەرێکی ئینگلیز لێکۆڵینەوەیان لەخەڵکی ئەو ناوچەیە کرد. مسیۆ بۆنارلیس لەناوچەکانی جەبەل حەمیرین گەڕا لەگەڵ هۆزەکانی جاف و زەنگەنە و دەلۆ یەکیان بینی. هەروەها ئەندامانی تری لیژنەکە لەگەڵ هۆزەکانی میر یوسفی و بڵباس و سورچی و هەرکی و خەیلانی یەکیان بینی. جێگەی باسە لیژنەکە هەوڵیداوە چاویان بەدێهات و سەرۆك هۆزەکانی ئەو ناوچانە بکەوێ کە سەردانیان کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە گەڕان لە گوند و لادێکان زۆر قورستربووە لەشارەکان، چونکە ئەوانە کەمتر لەسیاسەتدا شارەزابوون و لەشارستانیەتدا زۆر دواکەوتوو بوون و زانیاریشیان لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ زۆر کەم بوو. وەك ڕۆژنامەکە باسی کارەکانی لیژنەکە دەکات و دەڵێت، "بو تحقیقات اطراف شار موسیو اوف ویرسەن(رئیس) کل جواد پاشا مستر جاردین لە موصل مانەوە. لە دیهات او ناوە تا سنجار و تلعفر و قرەقوش و عقرە زیارت کرد. او مواقعەی کە اچون بە موجب او دفترە کە معاونەکان دابویان وجوە دیهاتە مجاورەکان بانك اکران و رایان وەرکیرا. لکل رؤسای او قبائلەی کە لەغرب دجلە ساکنن ملاقات و رأی لی ورکرتن خصوصا لەرئیس عشیرت شمر کە مهمە. قوتن تلەکی لە اربیل تاشقلاوە و مخمور تحقیقاتی اجرا کرد ناظم بك و موظف انکلیزی میستر لیون ترجمان هیئت مسیو کرامر لەمیعتابوو عشایری دردی [پێدەچێت ئەمە گەردی بێت "توێژەر"] خوشناو کورە شیخ بزینی و دیهات صارلیە کرا و مواجهەی لەکلا کردن. کولونیل پولیس لە منطقەی کرکوکدا تا چم چمال تحقیقات کرد صبیح بك مخبر حکومت عراق و کامل بك مخبر حکومت تورکیای لە میعتابوو لکل ممثل عشائر العبید جبور داودە هموند شوان ملاقاتی کرد. لە منطقەی کفریدا مسیو بونارلیس بەمعاونتی فتاح بك و ظابطیکی انکلیزی کە شارەزای او ناوە بو اجرای تحقیقاتی کرد، مسیو بونارلیس اطراف جبل حمرین کرا و لەکل عشیرت جاف زنکنە دلو و بیات و موجهە و ملاقاتی کرد. هیئت لکل ممثل عشیرت میر یوسفی و بلباس سورخی و هرکی خیلانی سائرەدا ملاقاتی کرد. اوری یەی کە هیئت پیا رویشتبون لە خریطیکدا کە ملحق ام تقریرەیە بیان کراوە. رأی ورگرتنی عشائر و دیهاتەکان لەهی شارەکان زحمتربو، چونکە اوان لەسیاستدا کمتر بی معلومات لەتمدنا زورتر دواکوتو بون، اوان لم خصوصەوە معلوماتیان کمتربو". (بڕوانە، ژیانەوە ژ 50، 26 تشرینی دووەمی 1925، 1-2).

لیژنەکە چوونە کەرکوك پاشان سلێمانی و ئاڵتون کۆپری و هەولێر و پاشان لە 8 ئاداری 1925 گەڕانەوە موسڵ. لەم سەردانەدا لیژنەکە سوپاسی زۆری ئاراستە هێزی پۆلیس کردووە کە یارمەتیدەر بووە و ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەندامانی تورکی ناو لیژنەکە تەواو سەربەست بوون و بەئازادی خۆیان سوڕاونەتەوە. دوای گەڕانەوە بۆ موسڵ ئەندامانی لیژنە چوونە لای زانا و دەوڵەمەند و هەژاری شارەکەیان بینی و ڕاپرسی لەگەڵ کردن. چەندین خاوەن موڵك و زەوی و دێهاتیان بینی. پیاوانی ئاینی و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هی بیست ساڵ لەو پێشیان بینی. هەموو ئەم توێژانە بانگکران و پرسیاریان لێکراوە. دوای تەواوبوونی موسڵ لیژنەکە چووە زاخۆ، لەوێوە چووە گەورە دێهاتەکانی مەسیحیەکانی ناوچەی قۆش و یەزیدییەکانی ناوچەی باعەدرێ. لیژنەکە لەزاخۆ لەگەڵ سەرۆك و ئەو ناحیانەی کەوتوونەتە سەرووی هێڵی برۆکسل. پاشان لیژنەکە لەگەڵ مەسیحی و دێهاتی هۆزەکانی گۆیان و سندی دیداری کرد. پاش تەواوبوونی زاخۆ لیژنەکە چووە دهۆك و ڕاپرسی خەڵکی دهۆکیش کرا. لیژنەکە لەدهۆك و زاخۆ ئەو کەسانەی ئەندامانی تورك و ئینگلیز داوایان کردبوو بینران. لیژنەکە لە خانەدانەکانی دهۆك و لە ئامێدی و لەباکور شارەکەوە بۆ دهۆك بانگهێشت کرابوون ڕاپرسیان لەگەڵدا کرا. لیژنە داوای لەو خەڵکانە کرد کە دیداری لەگەڵ کردبوون ڕای خۆیان ڕوون بکەنەوە کە ئایا دەیانەوێ بچنە پاڵ عێراق یان تورکیا. وەك لێرەدا بەشێك لە ئاخاوتنی ڕۆژنامەکەتان بۆ دەگوازینەوە، "هیئت لە 8 مارتدا کرایەوە موصل، لە حرکات و وضیعت پولیس زور ممنون بون کە اعضای هیت تورکیا بە کمال سربستی اکران تکل بە خلق

اەبون، لە تحقيقات دومدا حكومت محليه ميدان هيچ بى جى ييكى نەدا. ولەمر مساعديه معاون توركيا استفاديان كرد...". (ژيانەوە ژ51، 3 كانوونی يەكەمی 1925، 1-2).

جێگەی باسە كاری لیژنەكە تەنها لێپرسینەوە نەبووە لە خەڵكی، بەڵكو لەزۆر بواری تری ویلایەتی موسڵیان كۆڵیوەتەوە. لەوانە لێكۆڵینەوەی وردیان لەبوارەكانی بازرگانی و بازاڕ و جوگرافیا و ئەسنۆگۆافی و ...هتد كراوە. هەروەها لیژنەكە تێبینی وردی دەستكەوت لەبارەی داهاتی كشتوكاڵی و گواستنەوە و ئیشوكاری هاوڵاتیان و بوارەكانی تر، وە لەیەكەمر گەشتی فڕۆكەدا بەسەر چیای شەنگالدا فڕی. پاشان چەندجار بەفڕۆكە لەزاخۆوە تا ڕەواندز گەشتی كردووە و دوو جاریش بەسەر چیای حەمریندا فڕیوە. وەك ڕۆژنامەكە لەمر بارەیەوە نوسیویەتی، "هيئت لە كلى جى باخصوص لە موصل لە تجارتخانە و بازار انبارەكان كە چون زور ورد سعى لەنقطەء تجارت و اقتصادەوە كلى سؤالى كرد، ولە اثناى سياحتيا دائر بەعلوم جغرافيا و اثنوغرافيا و فيزيولوژى كلى ملاحظاتى دست كوتوە، ودائر بە وسائط نقليه و واردات زراعيه و سائر راپورى مختصرى تنظيم كردوە". (ژيانەوە ژ52، 10 كانوونی یەكەمی 1925، 1).

دوای تەواوبوونی كارەكانی لیژنەكە لە 18 ئاداری 1925 لە شاری موسڵ كۆبوونەوە، دوای ئەوە لە دێرزوور و حەلەبەوە چوونە شام، لە 20 نیسانی 1925 لیژنەكە گەیشتنە شاری جەنەوا لەئیتالیا لەوێ كۆبوونەوە كرا و دەستكرا بەنوسینی ڕاپۆرتی لیژنەكە لەبارەی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ. لیژنە زۆر بەوردی كاریان لەسەر بیروڕای خەڵكی ناوچەكە كردبوو و بیروبۆچونەكانی هەردوو حكومەتی توركیا و بریتانیایان بەهەند وەرگرتبوو. وەك ڕۆژنامەكە لەمر بارەیەوە نوسیویەتی، "...جمعيت اقوام توصيەء هيئتى كرد بەنظر اعتبار تماشاى اراى طرفين بكات كەمختصە بەو اسلوب و طريقەى كە وركرتى لازمە، و لە پيش دست بەبحث كردن لە امورى كە متعلق بەموضوع دعواى اصلى بى، لازم بينرا كە لەمر خصوص بسط مقال بكرى. بيان و تقديم كردنى خلاصەء نتائجى مدعيات هر دو حكومتەكە بە فائدەء بينرا". (ژيانەوە ژ52، 10 كانوونی یەكەمی 1925، 2).

جێگەی باسە یەكێك لەو كێشانەی ڕووبەڕووی لیژنەكە بووەوە توركەكان لایان وابوو ناكرێ بەدەنگدان لە كۆمەڵەی نەتەوەكان بڕیار لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسڵ بدرێ. توركەكان لە كۆنگرەی لۆزان داوای ڕاپرسی تەواویان كردوو لەبارەی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ، دوای چارەسەرنەبوونی كێشەكە خرایە بەردەمر كۆمەڵەی نەتەوەكان، بریتانیەكان داوای دامەزراندنی لیژنەیەكیان كرد ڕاپرسی كرایە بنەمایەك لە بنەماكانی كاری لیژنەكە بۆ زانینی بیروڕای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ توركەكانیش ئەمەیان قبوڵكردبوو. دەربارەی ئەوەی كە توركەكان لایان وابوو ناكرێ بەدەنگدان لەكۆمەڵەی نەتەوەكان بڕیار لەسەر چارەنوسی ویلایەتی موسڵ بدرێ، لە دادگای دادی نێودەوڵەتی شكاتیان كردبووە، بەڵام دادگای دادی نێودەوڵەتی دوای كۆبونەوەی لە 21 تشرینی دووەمی 1925 فەرمانێكی دەركرد، بڕیاریدابوو لەكاتی دەركردنی هەر بڕیارێك لە كۆمەڵەی نەتەوەكان لەبارەی سنووری نێوان عێراق و توركیا دەبێ هەردوو دەوڵەتی بریتانیا و توركیا پێوەی پابەندبن. لەلایەكی تر دادگای دادی نێودەوڵەتی بڕیاریدا لەكاتی خستنە دەنگی كێشەی ویلایەتی موسڵ لە كۆمەڵەی نەتەوەكانی دەبێ بڕیارەكە بەكۆی دەنگی ئەندامان پەسەند بكرێ. بۆیە دادگاكە كۆمەڵەی نەتەوەكانی لەوە ئاگادار كردبوو كە دەتوانی بڕیار لەسەر چارەنووسی كێشەی ویلایەتی موسڵ بدات. دوای بڕیاری دادگای لاهای ئینگلیزەكان لەلایەن خۆیانە ڕایان گەیاندبوو ئەوان تەواو پابەند دەبن بەبڕیاری كۆمەڵەی گەلان، بەڵام توركەكان ڕای خۆیان ئەوكات ئاشكرا نەكردبوو(بۆ خوێندنەوە و بینیی تەواوی ئەمر بابەتە بگەڕێوە بۆ، ژیانەوە ژ52، 10 كانوونی یەكەمی 1925، 2).

شایەنی باسە توركەكان لە ڕەخنەكانیان بەردەوام بوو لەكاری لیژنەكەو پێیان وابوو ناكرێت كێشەیەكی چارەنوسسازی وەك كێشەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە دەنگدانەوە لەكۆمەڵەی نەتەوەكان، بەڵكو لایان بوو دەبوو ڕاپرسی گشتی لەویلایەتەكە بكرایە بۆ دیاریكردنی چارەنووسی. لەلایەكی تر ئەو ڕاپرسیەی كە لیژنەكە كردبووی توركەكان لایان وابوو زۆر سنورداربووە و خاڵی نیە لە كەموكورتی، چونكە لیژنەكە تەنها ڕای گروپێكی خەڵكی وەرگرتووە، ئەوانەش تاقمێكی بچووك نمایندە دەكەن ڕای گشتی خەڵك هەرگیز مەعلوم نیە، بۆیە لێكۆڵینەوەكان كەموكورتیان تێدایە، ئەمەش وادەكات ئەنجامەكان ئەنجامی ڕاستەقینە نەبن. توركەكان لایان وابوو دەبێ میللەت بەتەواوەتی و بەئازادی خۆیەوە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. هەروەها توركەكان ڕەخنە لە ئینگلیز دەگرن بەوەی بە دووڕووی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەكەن. ئەوان لە ئینگلیزەكان دەپرسن بۆ لە ئەوروپا لەسەر پرسی ناوچەكانی شلزویك و كلاكفۆرت ڕاپرسی گشتی كراوە، بۆ ئەوا مامەڵە لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵات دەكرێ كە جیاوازە لەگەڵ ئەو مامەڵەیەی كە ئینگلیزەكان لەگەڵ گەلانی ڕۆژئاوا دەیكەن. هەروەها توركەكان لایان وابوو ئینگلیزەكان ئەو بابەتانەی لەبەرژەوەندی خۆیاندایە لەعێراق ڕاپرسی گشتیان بۆ كردووە وەك ڕاپرسی دانانی مەلیك فەیسەڵ، ئینگلیزەكان لای خۆیانەوە لایان وابوو ئەو ڕاپرسیە لە بەرژەوەندی تورك نەبووە چونكە هەموو خەڵكی عێراق مەلیك فەیسەڵیان هەڵبژاردو، و لەگەڵ ئەوەشدا بوون ویلایەتی

موسڵ لەگەڵ ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بمێنێتەوە، جگە لە تورکەکانی کەرکوك(بۆ بینیی ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ، ژیانەوە ژ53، 17 کانوونی یەکەمی 1925، 2-3).

جێگەی باسە بەر لەبڕیاری کۆتایی لەبارەی چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ، کۆمەڵەی نەتەوەکان چەند پێشنیارێکی خستبوەڕوو کە گۆڤاری(Foreign Affairs)ی بریتانی کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1925دا دەرچووە بۆی باس کردووین، لەپێشنیارەکاندا ئەوە خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق دوو مەرج بۆ دەوڵەتی بریتانی دانراوە. یەکەمیان داوا لەبریتانیەکان کراوە پەیمانێك لەگەڵ عێراق ببەستێت بۆ درێژکردنەوەی ئینتدابی بریتانی لەسەر عێراق بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ، دووەمیان بریتیە لەپێدانی حوکمی زاتی بەکوردەکان، لەپاڵ ئەوەشدا هەڕەشەی ئەو لە بریتانیەکان کراوە کە ئەگەر ئەو دوو مەرجەی بۆی دیاریکراوە جێ بەجێیان نەکات ئەوا ناوچە کێشە لەسەرەکان دەدرێت بەتورکیا یان دەکرێت ناوچەکە بکرێت بەدوو بەشەوە بەشێکیان بۆ عێراق بەشەکەی تری بۆ تورکیا. وەك لە خاڵەکاندا هاتووە،

1- ئەگەر حکومەتی بەریتانیای گەورە ڕازی بێت لەسەر درێژکردنەوی ئینتداب لەسەر عێراق بۆ (25) ساڵ. لەگەڵ پێدانی حوکمی زاتی بە دانیشتوانی کورد و حکومەتی عێراقیش ئەو ناوچانەی ئێستای لەسنووری لەگەڵ تورکیا بپارێزێت، کە بەگوێرەی ئەو هێڵە کاتییەی لەبەرواری 29 تشرینی یەکەمی 1924 دانراوە.
2- ئەگەر هەردوو مەرجەکە یەکیان نەگرتەوە، ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ تورکیا دەبێت.
3- ئەگەر هیچ لەم چارەسەرانە بە دڵی کۆمەڵەی نەتەوەکان نەبوو، ئەو ناوچەیەی بەدرێژایی زێی بچووك لەنێوان عێراق و تورکیا دابەشدەکرێت. ناوچەکەکانی خۆرئاوای ڕووباری دیجلە بە شاری موسڵەوە دەدرێت بە تورکیا(1925، 160 . Martin). بەڵام لەکۆبونەوەی ڕۆژی 16 کانوونی دووەمی 1925 کۆمەڵەی نەتەوەکان بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە پەسەند کرد بەم مەرجانەی لای خوارەوە،

1- سنووری نێوان عێراق و تورکیا هێڵی برۆکسل دەبێ کە لە کۆنگرەی برۆکسل لە 29 تشرینی یەکەمی 1924 بڕیاری لەسەر درابوو.
2- کۆمەڵەی گەلان داوا لە عێراق و بریتانیا دەکات بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لەبەرواری 27 ئەیلولی 1924 لەنێوانیاندا هەیە، پێویستە ڕێکەوتنێکی تر بکەن بۆ بەردەوامبوونی ئینتیدانی بریتانیا بەسەر عێراقەوە بۆ ماوەی 25 ساڵی تر. و دەبێ ئەم ڕێکەوتنە نوێیە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکرێ. ئینتیدابی بریتانیا بەسەر عێراقەوە بەردەوام دەبێت مەگەر عێراق ببێت بەئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەپێی مادده 1ی قانوونی کۆمەڵەی نەتەوەکان.
3- کۆمەڵەی نەتەوەکان داوا لە حکومەتی بریتانیا دەکات کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئینتیدابی خۆیدا لە عێراق گەرەنتی ئاسایشی کوردەکان بکات، لەبابەتی دانانی ئیدارەییەکی ناوخۆیی بۆ کوردەکان وەك لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا ڕاسپاردەی لەبارەوە کردووە.
4- کۆمەڵەی نەتەوەکان داوا لە حکومەتی بریتانیا دەکات لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئینتیدابی خۆیدا لەعێراق هەتا دەکرێت ڕعایەتی ئەو پێشنیارانە بکات کە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان باس کراوە، دابینکردنی ئاسایش و بەرپاکردنی یەکسانی لەنێوان هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە لەعێراقدا هەن. هەروەها لەبارەی بابەتی بازرگانیش کە لەڕاپۆرتی کۆتایی ڕاسپاردەی لەبارەوە کراوە(بۆ بینیی بڕیاری کۆتایی کۆمەڵەی گەلان بگەڕێوە بۆ، ژیانەوە ژ53، 17 کانوونی یەکەمی 1925، 5).

جێگەی باسە هەرچەندە لە مادده سێی بڕیارەکەی گۆمەڵەی گەلان داوای ئەوەی کردووە کەئیدارەیەکی سەربەخۆ واتە جۆرێك لە حوکمی زاتی بدرێتە کوردەکان لەچوارچێوەی عێراقدا، لەپاڵ ئەوەش دەبوو حکومەتی عێراق گەرەنتی مافەکانی کورد بکات( C. J. Edmonds, 1957, 58-59؛ هەروەها بڕوانە، الحسنى، 1989، ج2، 152)، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزەکان بەژمارە ( FO 371/11460) لەبەرواری 10 شوباتی 1926، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لەعێراق بابەتی پێدانی حوکمی زاتیان بەکوردەکانی عێراق بە مەترسی و کارێکی نەشیاو دەزانی و لایان وابووە کوردەکان خۆیان داوای حوکمی زاتیان نەکردووە و کورد لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆدەنگ نیە، بەڵکو حکومەتی عێراق خۆی دەزانی چ جۆرە مامەڵەیەکی سیاسی لەگەڵ کوردەکاندا بکات(علی، 2008، 146 ومابعدها). ئەمەش مانای وایە ئینگلیزەکان باوەڕیان بەجێبەجێکردنی ئەم ماددەیە نەبووە، بەڵکو پێیان وایە کوردەکان دەبێت لەژێر ئیدارەی ڕاستەوخۆی حکومەتی عێراقدا بن و، پێویستە حکومەتی عێراق مافە ڕۆشنبیری و کەلتورییەکانی کورد دابین بکات(بڕوانە بەڵگەنامەی X/M 4583 NO 03/10/1 لە، البوتاني، 2008، 59-62). کەواتە ئەو مافەی کە کۆمەڵەی گەلان بەکوردی دابوو ئینگلیزەکان ئەوەیان بەمەترسی زانیوە و ئامادەنەبوون بەکوردی بدەن.

دوای بڕانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ ڕۆژنامەیەکی فنلەندی بەناوی (Kultainen aika) لەڕۆژی ١ی تەمموزی ١٩٢٩دا بڵاوکراوەتەوە، لەبابەتێکدا بەناونشانی "کوردستان و موسڵ" قسە لەسەر ململانێی هەریەک لەتورک و ئینگلیز دەکات لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی ئەم ناوچەیە کە تاڕادەی هەڵگیرساندنی جەنگێکی سەراسەری نزیکبۆتەوە بەگوێرەی ئەم بابەتە، ئینگلیزەکان لەبەردوو هۆ خوازیاری دەست بەسەراگرتنی ویلایەتی موسڵ بوون، یەکەمیان لەبەر نەوتەکەی، چونکە کۆمپانیا بریتانییەکان زۆر پێیان لەسەر بەدەستهێنانی نەوتی ویلایەتی موسڵ دادەگرت، دووەمیش لەبەر ئەوەی کە موسڵ کلیلی کوردستان بوو. ئینگلیزەکان دەیانویست لەسەر ڕێگای هیندستان بنکەو پێگەیەکی بەهێزیان لەکوردستان هەبێت. تورکیاش کە نەیدەویست بەهەر نرخێک بێ، ئەو ناوچە گرنگەی لەدەست بچێت. مستەفا کەمال پێی وابوو، کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی موسل و کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە وادەکات پێگەیەکی بەهێزیان لەوبەشەی جیهاندا هەبێت. دواجار ئەم ململانێیە چارەسەرکراو تورکیا بەشێکی لەنەوتەکەو داهاتەکەی لەڕێگەی کۆمپانیای ستاندەرد ئۆیڵەوە پێگەیشت و ئاوکرا بە ئاگرەکەدا( Kultainen aika, 1929, 5 بۆ بینینی وێنەی ڕۆژنامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2).

## ئەنجام

1- ڕۆژنامەی ژیانەوە لەماوەیەکی دیاریکراودا لەنێوان ساڵانی 1924-1926 لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە شاری سلێمانیدا دەرچووە. ڕۆژنامەکە تۆمارێکی گرنگە سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ، پەیامی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەبوو کورد بەگشتی و کوردانی سلێمانی بەتایبەتی هان بدات تاوەکو دەنگ بدەن لەپێناو لکاندنی کوردستانی باشوور بەعێراقەوە.

2- ئینگلیزەکان شاری سلێمانیان هەڵبژارد بۆ دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە، بەهۆی ئەوەبوو کە سلێمانی ئەوکات مەڵبەندێکی توندی بەرهەڵستکاری ئینگلیز و حکومەتی عێراق بوو بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود و بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لەشارەکە گەشەسەندوتر بوو لەچاو ناوچەکانی تر، وە بزوتنەوەی کوردی لەم شارە دروشمی سەربەخۆی کوردستانی هەڵگرتبوو. بۆیە ئینگلیزەکان تەواو ترسیان لەم شارە هەبوو. ئەمە جگە لەوەی خەڵکی ئەم شارە لەکاتی ڕاپرسی بۆ مەلیك فەیسەڵ دژی مەلیك فەیسەڵ دەنگیان دابوو. ئینگلیزەکان لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە دەیانویست خەڵکی شارەکە قەناعەت پێ بهێنن تا چوونە پاڵ عێراق هەڵبژێرن و ئەمەش لەبەرژەوەندی کوردستانیدایە.

3- ڕۆژنامەکە لەسەر چەندین تەوەر کاری کردووە بۆ پێکانی ئامانجەکەی وەك لەناو توێژینەوەکە ڕوونمان کردۆتەوە. کەواتە ڕۆژنامەکە ئەرك و کارێکی دیاری کراوی هەبووە و لەماوەیەکی دیاریکراودا دەرچووە، دوای هێنانەدی ئامانجەکەی و دوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، کار و ئەرکی ڕۆژنامەکە تەواوبوو بۆیە ئینگلیزەکان لەساڵی 1926دا دایان خست.

4- سەرەڕای ئەوەی دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە ئامانجێکی سیاسی لەپشتەوە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری خۆی هەبووە لەبەرەو پێشچوونی بوارەکانی تر، لەوانە لەبایەخدان بەبابەتەکانی مێژوو و ئەدەب و زمان و خوێندن و خوێندەواری لەناو کورددا لەو قۆناغەدا. لەوانە کورتە چیرۆکی لەخەوما کە لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوەکە، هەرچەندە چیرۆکنووس جەمیل صائیب بەئامانجی سیاسی و چیرۆکەکەی دژی سەرکردەی ئەوکاتی بزوتنەوەی کوردی شێخ مەحمود نوسیوە، بەڵام ئەم چیرۆکە بە یەکەم چیرۆك لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دادەنرێت.

## پەراوێزەکان

(1) کوڕی عەزیز وەسمان ئاغای ئەردەلانیە، ساڵی 1903 لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی 1918 قوتابخانەی ئیعدادی تەواو کردووە. لەبەر دڵسۆزی بۆ شێخ مەحمود کراوەتەوە (کاتبی دائیرەی تەحریرانی ملوکانە)ی دووەم و سێیەم حکومەتی شێخ مەحمود. مودیر و موحەڕیری سێ ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی "ئومێدی ئیستیقلال" سەردەمی شێخ مەحمود بووە. بەشدار و شایەتحاڵی ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحمود بووە(ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود"ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لەسەر نوسینی: سدیق ساڵح، 2003، 9).

(2)شێخ سەعید یەکێکە لەڕابەرە ئاینیەکانی کوردەکانی تورکیا، ناوبراو لەناوچەی بالو لەساڵی 1865دا لە دایك بووە، بنەماڵەکەیان لەوانە باوك و باپیری ڕابەر و شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بوونە و موریدی زۆریان لێکۆبۆتەوە. پاش کۆچی دوایی باوکی شێخ سەعید جێگەی باوکی لەشێخایەتیدا گرتەوە. دوای دامەزراندنی سیستەمی کۆماری لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لەساڵی 1923 و پاش ڕەتکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی لەساڵی 1924، و بەهۆی ئەو ستەمەی تورکیا لەکوردی کردووە، شێخ سەعید ڕابەرایەتی ڕاپەڕینێکی فراوانی کوردەکانی تورکیای کرد لەساڵی 1925 دژی کەمالیەکان، بەڵام دەسەڵاتدارانی کەمالی ڕاپەڕینەکەیان دامرکاندەوە و لە 27 حوزەیرانی ساڵی 1925 شێخ سەعید و ژمارەیەك لە هاوڕێکانی لەسێدارە دران. (بڕوانە: م.س. لازاریف وأخرون، 2006، 217؛ الداقوقی، 2008، 130).

(3)بەهۆی ئاڵۆزبوونی کێشە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق پاش زاڵبوونی ئینگلیزەکان بەسەر سلێمانی و ڕەواندز و هەوڵی تورکەکان بۆ هاتنە ناوەوەی عێراق و دوای دەرکردنی ئاشوورییەکان لەویلایەتی هەکاری لەلایەن تورکیاوە. ئاڵوزبوونی سنوری تورکیا و عێراق ناڕەزایی هەردوو دەوڵەتی تورك و ئینگلیزی لێکەتەوە. ئاکام هەردوولا لەکۆمەڵەی نەتەوەکان شکاتیان کرد. دوای پێکهێنانی لیژنەیەك و لێکۆلینەوەی ورد لەڕووداوەکان لیژنەکە لەبرۆکسل لە29 تشرینی یەکەمی 1924 کۆبونەوەی کۆتایی خۆی کرد و هێڵی کۆنی سنوری نێوان ویلایەتی هەکاری و ویلایەتی موسڵی کردە سنوری کاتی نێوان تورکیا و عێراق. ئەم هێڵە بەهێڵی برۆکسل ناسرا کەدواتر کۆمەڵەی نەتەوەکان لەبڕیاری ڕۆژی 16 کانوونی یەکەمی 1925 ئەم هێڵەی کردە سنوری فەرمی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئیدمۆندس، 2004، 464-465؛ لۆنگریك، 1988، 252).

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم، بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان**

(OAD)بەڵگەنامە عوسمانیەکان

( HR.EM. 247.24)

(HR.EM. 250.28)

( HR.EM. 132.75)

(HR.EM. 239.17)

**دووەم، بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان**

أ- بەڵگەنامە کوردییەکان،

1- کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی برتانیادا 1918-1924 (2017)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: پاسار شێرکۆ و دیار ئەکرەم، بەرگی سێیەم (1921-1924)، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ب- بەڵگەنامە عەرەبیەکان،

1- البوتاني، عبدالفتاح علی(2008)، وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة 1924-1927، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوك.

2- علی، عثمان(2008)، الكورد فی الوثائق البريطانية، الطبعة الاولی، مطبعة مؤسسة موكيانی للبحوث و النشر، اربيل.

**سێیەم، بڵاوکراوەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانی**

1- Martin, Lawrence (Oct, 1925), The Iraq Recommendations, Foreign Affairs, Vol. 4, No. 1.

**چوارەم، کتێبە عەرەبیەکان**

أ- کتێبەکان

1- أحمد، ابراهيم خليل و حميدی، جعفر عباس(1989)، تاريخ العراق المعاصر، وزارة التعليم العالی، الموصل.

2- البرقاوی، أحمد رفيق(1980)، العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا ( 1922 – 1932)، دار الرشيد للنشر، بغداد.

3- الحسنی، عبدالرزاق(1935)، تاريخ الصحافة العراقية، الجزء الأول، مطبعة الغزی، النجف.

4- الحسنی، عبدالرزاق(1988)، تاريخ الوزارات العراقية، جزء الاول و الثانی، الطبعة السابعة، بغداد.

5- الحسنی، السيد عبدالرزاق(1989)، تاريخ السياسی العراق الحديث، الجزء الثانی، الطبعة السادس، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

6- حسين، فاضل(1977)، مشكلة الموصل دراسة فی الدبلوماسية العراقية- الانگليزية- التركية وفی الرأی العام، الطبعة الثالثة، مطبعة اشبيلية، بغداد.

7- الداقوقی، ابراهيم(2006)، اكراد تركيا، الطبعة الاولی، مطبعة مؤسسة اراس، اربيل.

8- زكی، صالح(1953)، دراسة العراق المعاصر، مطبعة الرابطة، بغداد.

9- عيسی، حامد محمود(2005)، القضية الكردية فی العراق- من الاحتلال البريطانی الی غزو الامريكی(1914-2000)، مكتبة المدبولی للطباعة و النشر، القاهرة، الطبعة الاولی.

10- فتح الله، جرجيس(2002)، يقظة الكرد تاريخ سياسی 1900-1925/ مما يتناول النزاع علی جنوب كردستان امام عصبة الأمم مع الوثائق و المذكرات المتعلق به، الطبعة الاولی، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل.

11- مراد، خليل علی و احمد، ابراهيم خليل(1992)، ايران و تركيا دراسة فی تاريخ الحديث و المعاصر، الطبعة الاولی، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل.

**ب- وەرگێڕدراوەکان**

1- زكی بگ، محمد أمين(1939)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتی الان، نقله الی العربية و علقة عليه، محمد علی عونی، طبعة الاولی، مطبعة السعادة، مصر.

2- العقراوی، متی(1936)، العراق الحديث، ترجمة، مجيد خدوری، مطبعة العهد، بغداد.

3- لازاريف، م.س. وأخرون(2006)، تاريخ كوردستان، ترجمه من الروسية، د.عبدی حاجی، الطبعة الاولی، مطبعة حجی هاشم، اربيل.

4- لونگريك، ستيڤن هيمسلی(1988)، العراق الحديث من(1900-1950) التاريخ السياسی والاجتماعی والاقتصادی، ترجمه، سليم طه التكريتی، جزء الاول، الطبعة الاول، بغداد.

ت- ئینساکلۆپیدیا بەزمانی عەرەبی

1- بطي، د.فائق(2011)، الموسوعة الصحيفة الكردية فی العراق و تاريخها و تطورها، الطبعة الاولی، دار المدی للطباعة والنشر، اربيل.

**پێنجەم، کتێبە کوردییەکان**

ا- بیرەوەرییەکان

1- ئەحمەد تەقی(1970)، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی "ئەحمەد تەقی"دا/ لاپەڕەیەك لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و سمکۆ و هەستانەوەکەی ڕەواندز و پەیوەندی بە وولاتانەوە، ڕێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ جەلال تەقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا.

2- حلمی، ڕەفیق(2003)، یادداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

3- خواجە، ئەحمەد(2013)، چیم دی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

**ب-کتێبەکان**

1- ئەحمەد، نەوزاد علی(2004)، کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی.

2- ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لەسەر نوسینی: سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک، سلێمانی، 2003.

3- سەیفەدین، بەیار مستەفا(2010)، سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە تورکیا و کاریگەری لەسەر کوردستان 1923–1926، وەرگێرانی، سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

4- شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم(2002)، شاری سلێمانی 1918-1932، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی.

5- قادر، جبار(2019)، کەرکوک نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

6- مەزهەر، کەمال(2001)، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، ئامادەکردنی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

7- ناوخۆش، سەلام(2020)، ئیسلامفۆبیا و منەوەری کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

**ت-وەرگێڕدراوەکان**

1- ئێدمۆندس، سیسیل جۆن(2004)، کورد تورك عەرەب، و، حەمیدی گەوهەری، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

2- عمر، علی فاروق(2001)، ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراقدا بەراییەکان 1914-1929(ئەم کتابە نامەیەکی ماستەرە لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە)، وەرگێرانی بۆ کوردی، تاریق کارێزی، ساغکردنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانیەکان، د.عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

3- لاین، کابتن(2007)، کورد عەرەب بریتانیەکان/ بیرەوەرییەکانی کابتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان 1919-1929، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، د.یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

4- مینە(وەرگێڕ)(2012)، ویلایەتی موسڵ کۆمەڵەی نەتەوەکان/ پرسی سنوری نێوان عێراق و تورکیا، چاپ یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

5- E.af.wirsen(2010)، کۆمیسیۆنی ویلایەتی موسڵ و لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقەوە، وەرگێڕانی لە سویدیەوە، کاوە ئەمین ، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**شەشەم، کتێبە تورکییەکان**

1- ARMAOĞLU, F., 2014. 20.Yüzyıl Siyasi Tarihi (1914-1995), 19 Baskı, Timaş Yay., Ankara.

2- KÜRKÇÜOĞLU, Ö., 2006, Tarihsiz, Türkiye'nin Arap Ortadoğu'suna Karşı Politikası (1945-1970), Barış Kitap basım, Ankara.

3- SANDER, O., Tarih siz, Siyasi Tarihi (1918- 1990), İmge Kitabevi, 3.Baskı.

4- UÇAROL, R., 2013. Siyasi Tarihi (1879- 2012), 9.Basım, Der Yay., İstanbul.

**حەوتەم، ڕۆژنامەکان،**

أ- بەزمانی کوردی

1- ژیانەوە، ژ1، 18 ئابی 1924.

2- ژیانەوە، ژ8، 24 تشرینی یەکەمی 1924.

3- ژیانەوە، ژ15، 16 شوباتی 1925.

4- ژیانەوە، ژ 17، 23 شوباط 1925.

5- ژیانەوە، ژ19، 2 مارتی 1925.

6- ژیانەوە، ژ20، 9 مارتی 1925.

7- ژیانەوە، ژ21، 19 مارتی 1925.

8- ژیانەوە، ژ26، 14 مایسی 1925.

9- ژیانەوە، ژ36، 20 ئابی 1925.

10- ژیانەوە، ژ 42، 1 تشرینی اول 1925.

11- ژیانەوە، ژ 43، 8 تشرینی یەکەمی 1925.

12- ژیانەوە، ژ44، 25 تشرینی یەکەمی 1925.

13- ژیانەوە، ژ45، 22 تشرینی یەکەمی 1925.

14- ژیانەوە، ژ 46، 29 تشرینی یەکەمی 1925.

15- ژیانەوە، ژ47، 5 تشرینی یەکەمی 1925.
16- ژیانەوە، ژ48، 12 تشرینی دووەمی 1925.
17- ژیانەوە، ژ49، 19 تشرینی یەکەمی 1925.
18- ژیانەوە، ژ50، 16 تشرینی دووەمی 1925.
19- ژیانەوە، ژ51، 3 کانوونی یەکەمی 1925.
20- ژیانەوە، ژ52، 10 کانوونی یەکەمی 1925.
21- ژیانەوە، ژ53، 17 کانوونی یەکەمی 1925.
22- ژیانەوە، ژ56، 14 کانوونی دووەمی 1926.

**ب-بەزمانی ئینگلیزی**

1- C. J. Edmonds, The Kurds of Iraq Author(s), (Winter, 1957), Middle East Journal, Vol. 11, No. 1, Published by، Middle East Institute Stable URL.

2- Kultainen aika, (1 july 1929), Kurdistan ja Mosul, No 93. HEINAKUU.

## پاشكۆی ژمارە (1)

وێنەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ژیانەوە



ژیانه‌وه صحیفه ۱

بو هوشتیك عبارات بناوی
جابخانه وه اکری
اعلانات
به دیریك ۳ انه ده سیریت
تاریخ انتشار
۱۸ اغستوس ۱۹۲۴ سالیانی
نسخه‌ی به آنه‌یکه

ژیانه‌وه

ام غزته‌یه غزته‌یکی حکومتیه
هفته سانیك دردچی

بدل ابونه
۲ مانك روپیه و نیویك
به شش مانك ۳ روپیه
به سالیکی شش روپیه
له ۳ مانك کمتر ابونه قید ناکری
بو خارج اجرت پوسطه
علاوه ده‌کری
نسخه‌ی به آنه‌یکه

سال ۱ ژماره ۱ (دوشنبه) ۱۷ محرم ۱۳۴۳ ۱۸ اغستوس ۱۹۲۴

لبعضی خصوصات ناوی غزته‌کان تبدیل کرد به مناسبت احوال و ماجرایك که بسری هاتوه عنوان و ژیانه‌وه ی مان بمناسب زانی چونکه حقیقتاً انتشار ام جاره ژیانه‌وه یه - امید اکین که له‌لایی همو کسیکه وه مظهر قبول بی و انشاالله و تعالی ببی و تقدم بو همو افراد ام ملته یه خیر و سعادت امبی.

ژیانه‌وه

چاو بکه‌نه وه بروانن ام ملته مظلومه ام چنکه ژویه ام توزه کورده بی دی و بی با مسرهات و ترشی بی بو امه اگر زریف ورد بکریته وه همو له ق نکیشتن و نه‌زانینه‌وه بو همو له روی آره‌وه‌بو که اوی اینسی اگر هر هول و تقه‌لای نفسی خوی بو هر وای نفسی تفسی بو کس بو کی ترهولیکی نه‌ادا آخری نتیجة امه کیشته درجه‌یك که وکو درختی وکو کایك که بی آو بی‌ق نه‌وه و حالاوی کرم بسریا بچی همو حل بروزی حل فرجی تریك وشك بون بو امان لی هاتوه - ایستا که وا خوا رحمی کرد - دروی بیرمان بی کراوه‌ته‌وه و ریکای روناکان پی نشان دراوه زالچار فرصته وخت به قیمته سا قوربانه نوره هول و درخته ام کیابه هل پروزاوه بژینه‌وه زندو بینه‌وه لودوا هر کسه به قدر زانین و توانین خوی اگر هول ندا و ق نه‌کوشی له‌دست اروا-له کس اجی دیسانه‌وه پارچه پارچه مکونه‌وه هر یکه شوین کلاوی لار نکه‌وی اگر ورد بینه‌وه ق کیشتین که دنیا چه باسه ام قصه پرو پوچانه ام خیالانه هر خاوه همو قوربسری و مال ویرانیه همو بی نتیجه یه له‌آخریدا یه‌وه به ره‌وای لی بت بجاری همو عمو اینته‌وه.

اجاره‌یش عرستان ادکم و خاطری خوا همو سیاومان هیه تجربه‌مان دیوه پس شوین کلاوی لار بکوین هه یك بکرین و چیان بو پاك هوب بو اوه بدین دیسانه‌وه عرستان ادکم چیان بو پاك بو اوه هول بدین بجاری ق بکوشین واز لبد و اور بینین اوی خرابه بومان له خومان دور بخینه‌وه و خومانی لادین به همو حیز و قوت خومان پلاماد شی پاك بدین بلکو انشاالله بژینه‌وه سر بکاوینه‌وه و زندو بینه‌وه.

هر کس داوا کر آبونه‌یه لطفاً بومان بنوسی تاکو



Kultainen Aika

Tosiasioiden ja toiveiden rohkea esittäjä

*Tässä numerossa:*

**Turkki valinkauhassa**
Uudet aatteet voittokulussaan

**Umpitauti ensin, syöpä sitten**
Valaistusta tähän hirveään vitsaukseen

**Atomien pirstominen**
Voiman aavistamattomat lähteet

**Lohdutusta juutalaisille**
Palestiinan ennalleenasettamisen jatkuva selostus

Kemal-pasha opettajana

N:o 93. HEINÄKUU 1929

پاشکۆی ژمارە (3)





# انعكاس مشكلة ولاية الموصل في جريدة (ژيانەوە) 1924-1925
## دراسة تاريخية

**بختيار سعيد محمود**
قسم العلوم الاجتماعية كلية التربية الأساس/ جامعة صلاح الدين- اربيل

**ملخص**

جريدة (ژيانەوە) جريدة تابعة للانكليز، وكانت تصدر باللغة الكوردية في مدينة السليمانية. وقد عملت هذه الجريدة في إطار مشكلة ولاية الموصل ولصالح الانكليز والحكومة العراقية، وحاولت اقناع اهالي السليمانية بالانضمام إلى العراق. بحثنا هذا يتكون من ثلاثة محاور، المحور الأول الذي يحمل عنوان، تعريف بجريدة (ژيانەوە)، يتناول تعريف الجريدة، أما المحور الثاني فيتناول الحديث عن مشكلة ولاية الموصل منذ بداية ظهورها إلى إلحاق المدينة بالعراق. وقد تناول المحور الثالث والأخير انعكاس هذه المشكلة؛ مشكلة ولاية الموصل، في جريدة (ژيانەوە)، وقد ألقي الضوء في هذا المحور على الموضوعات التي وردت في هذه الجريدة والتي تناولت هذه المشكلة، مع عمل لجنة ولاية الموصل، ولهذا نقلنا العديد من النصوص والموضوعات التي تناولت هذه المشكلة إلى القارئ.

**كلمات المفاتيح**: جريدة ژيانەوە، ويلاية الموصل، الكرد ، البريطانيون، الترك.

# The portrayal of the Mosul Question in Zhyanawa Newspaper 1926-1924
## A historical Stady

**Bakhtyar Saaid Mahmood**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

Zhyanawa Newspaper was Kurdish Newspaper. It issued by the British in Sulaymaniyah. The newspaper was emphasizing on British interests regarding the Mosul Question, and it was attempting to convince the people of Sulaymaniyah to join Iraq. The study is divided into three chapters. The first chapter defines and describes Zhyanawa Newspaper. The second chapter studies the Mosul Question from the beginning of the dispute until it became part of Iraq. The third chapter examines the portrayal of the Mosul Question in Zhyanawa Newspaper, and it emphases on the articles which were published about the Mosul Question and the works of Committee of the Mosul State in the newspaper. Several articles were analyzed and presented to the readers.

**Keywords:** Zhianawa Newspaper, Mosul Wilayat, Kurds, Britons, Turks.